# پوختەیەك دەربارەی زەكات

نوسینی: مامۆستا علی هەولێری فێرگە

# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

| | |
|---|---|
| ناوی پەرتووك: | " پوختەیە دەربارەی زەكات " |
| نوسینـــی: | " علی هەولیری فێرگە" |
| نۆرە و ساڵ : | "یەكەم: 2018،1440" |

بەرهەمی

ماڵپەڕی سەدای تەوحید

Web:www.sadaytawhid.com

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله رب العالمين الصلاة والسلام على قائد المجاهيدن محمد (ﷺ) وعلى اله و أصحابه ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين. اما بعد:

یارمە تیدان و دە ست هێنان بە سەر هەتیواندا هۆکاری گەیشتنە بەهەشت

خوشك وبرایانی خۆم بیزانن خێرو بەخشین و یارمەتی باسی زۆر لە خۆ دەگرێت و دەرگامان زۆر بە ڕوودا دەکاتە وە!!...

سەبارەت بە بەخشین پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) ترساندن و موژدە ی پێکە وە باسکردوە .

واتە: بترسن لە و دۆزەخەی کە هەموو جۆرە سزایەکی بە ئێشی تێدایە ، بەڵام لە پاش پەرستنی الله تعالى ، دە توانن بە یارمە تی هە ژاران و خێرکردن بە کە م دە ستان خۆتان بپارێزن لێی ئە گەر کەمتر لە خورمایە کیش بێت .

هەروەکو فەرموویەتی: (اجعلوا بينكم وبين النار حيجابا ولو بشق تمره)[سلسلة الأحاديث الصحيحه] .واته: به ربه ستێك له نێوان خۆتان وئاگردا دابنێن، یان دروست بكه ن بۆ ئه وه ی له چنگی قوتاربن ئه گه ر به له ته خورمایه كیش بێت.
وەهەروەها فەرموویەتی: (من تصدق بعدل تمرة من كسب طيب – ولا يصعد إلى الله إلا الطيب – فإن الله يتقبلها بيمينه ثم يربيها لصاحبها، كما يربي أحدكم فلوه حتى تكون مثل الجبل)[صحيح البخارى] واته: هه ركه سێك به ئه ندازه ی له ته خورمایه كی حه ڵاڵ خێر بكات- كه الله تعالى جگه له حه ڵاڵ هیچ شتێكی تر وه رناگرێت- ئه وا الله تعالى به ده ستی راستی وه ری ده گرێت وگه وره ی ده كات بۆ خاوه نه كه ی تا به ئه ندازه ی شاخێكی لێ دێت، هه روه كو چۆن یه كێك له ئێوه بێچوه ئه سپه كەی گه وره دەكات.

سوپاس وستایش بۆ الله تعالى كه ئه وه نده ڕه حمه تی پڕ لێشاوه ، ئەوه تێدەگەین كه هەركات یارمەتی هەتیو بێوەژن و هه ژارێكمان دا به كەمی نه زانین، ماده م الله تعالى خێرەكان پەروەردە دەكات و زیادی دەكات، مادەم تەرازووی دوارۆژ كەمتر له مسقاڵه زەڕه یەك ده خوێنێته وه ، ماده م له و ڕۆژه دا پێویستمان به كەمتر له لەتی خورمایه ، ماده م به ربەسته له نێوان خۆمان و ئاگری پڕ ئێشی دۆزه خدا، دەبا پەله بكەین و له چنگی ئاگرینی ئه و خۆمان بهێنینه دەر، وه به ئه نجامدانی كاری

جوان و ڕازی کردنی الله تعالی بگە ینە ئە و بە هە شتە ی کە بۆ کە بۆ چاکە کاران ئامادە کراوە إن شاء الله.

مەڵێ چۆن ئێمە چەندین خانەوادەمان هەیە کە پیاوەکانیان لەپێناو سەرخستنی تەوحید و حاکم بوونی شەرعی الله تعالی گیانی بەخشیوە منداڵەکانی هەتیو کەوتووە .یان هەمانە پیاوەکانیان لەزیندانی مورتەدانی پارتی و یەکێتی و ڕافیزەی کافرە وونە بێ سەرو شوێنە کەسیان نیە جگە لە الله تعالی هاوکاری کەسانێکی ئیماندار .کەلەهەموو خۆشیەك دابڕێنراون! دەی بەئەندازەی لەتە خورمایەکیش بێت ببەخشە بە کەمێ پارەش بێت ببەخشە پێویستیان پێتانە.

الله تعالی دڵە کانمان جۆش وخرۆش دات بۆ یارمە تی دانی هەتیو بێ وەژن و هە ژاران و بە زەیی هاتنە وە بە نەداراندا.

مامۆستا : علی هەولێری فێرگە

## ئەوەی کە دەیبەخشیت تەنها ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە

ڕۆژێك پیاوێك دێتە لای پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وعلى اله وسلم ) دەڵێ: (يارسول الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) اى الصدقه اعظم اجرا؟؟ واتە: ئەی نێردراوی الله تعالى ، چی جۆرە ماڵ بەخشینێك لە هەموو جۆرەکانی ماڵ بەخشین پاداشتی گەورەترە؟ پێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وعلى اله وسلم ) فەرمووی: (ان تصدق وانت صحيح شحيح، تخشى الفقر وتامل الغنى ،ولا تمهل حتى اذا ڤلغت الحلقوم،قلت لفلان كذا ،ولفلان كذا..وقد كان لفلان) [صحيح البخارى] واتە: تۆ ماڵ ببەخشی لەو کاتەی کە تۆ لەش ساغی هیچ نەخۆشیەکت لێ نیە .

کە ببێتە هۆی نەمانی ئومێد و ئاواتت لە ژیان دا ، وە لەو کاتەی کە تۆ زۆر ڕژیلی دەستت گرتووە بە ماڵ و پارەت بۆ ئەوەی لە دەستت نەچێت و دەترسیت فەقیر بیت وە لەو کاتەی ئومێد و ئاواتی دەوڵەمەندیت هەبێت ، جا ماڵ بەخشین دوا مەخە تا ڕۆحت دگاتە گەردەنت و مردنت بە سەر دادێت ، پاشان لەو کاتەدا وەصیەت دەکەیت و دەڵێیت بۆ فلانە کەس ئەوەندە ، وە بۆ فلانە کەس ئەوەندە ، وە بە دڵنیایی ماڵەکەت هەر بۆ فلانە کەسە ، واتە ئەگەر پێش ئەوەی مردنت بەسەر دابێت ماڵەکەت نەبەخشیبێت لە دوات دەمێنێتەوە جگە لە تۆ وەری دەگرێت و سەرفی دەکات ، کە ئەویش میرات گرەکەی تۆیە.

بیزانە خوشک و برای ئیماندارم ئەوەی کە پێناو الله تعالی دەیبەخشیتەوە تەنها ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە لەدوارۆژدا سوودت پێدەگەینێ. هاوەڵی ئازیز عبداللەی کوڕی شخیر ‘رضی الله عنه’ دەفەرمووێ چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وعلى اله وسلم) لەکاتێکدا ئەمەی دەخوێندەوە (الهاكم التكاثر) زۆر کردنی ماڵ و منداڵ سەرقاڵی کردوون .فەرمووی: یقول ابن ادم ؛مالی مالی .. وهل لك یا ابن ادم من مالك الا ما اكلت فافنیت او لبست فابلیت او تصدقت فامضیت)[صحیح مسلم] واتە: ئادەمیزاد دەڵێت ؛ ماڵەکەم ماڵەکەم ، هیچ پارە و ماڵێك هی تۆ نییە تەنها ئەوە نەبێت کە : خواردوتە و تیاچووە یان لەبەرت کردووە و ڕزیوە و نەماوە یان ئەوەیە کە کردوتە بە صەدەقە و پێشت خستووە بۆ دوای مرد . دەی چیت پێش خستووە ...؟

بۆ دوای مردنت ؟ سەیرێکی دەورو پشتی خۆت بکە ئەمجا ئەزانی چەند لەمنداڵی براکانت هەتیو کەوتوونە.. خێزانەکانیان بێ پیاو ماونەتەوە..دەی قۆڵی لێ هەڵماڵە و لەسەر ئەوچاکەیەش ببە خاوەنی ئەم فەزڵە گەورەیە بە پشتیوانی الله تعالی کە پێغەمبەری ئازیزمان موژدەی داوە بەوکەسانەی منداڵی بێ باوك بەخێو دەکەن هاوکاری دەکەن !فەرموویەتی :(انا وكافل الیتیم فی الجنه هكذا، وال باصبعیه السبابه الوسطی )[صحیح الادب المفرد] واتە ؛ من و ئەو کەسەی منداڵی بێ باوك بەخێو دەکات ، لە بەهەشتدا بە ئەندازەی نزیکی پەنجەی شەهادە و پەنجەی ناوەڕاست لە یەکتر نزیکین.

بیزانن یه کێك له و به ها زۆر گرنگ وگه ورانه ی که له ئایینه‌که‌مان زۆر گرنگی پێ دراوه بریتی یه له پاراستنی په‌ت و حه بلی برایه تی، که چه ندین ئایه ت و فه رمووده ڕاستێتی ئه مه به دیار ده خه ن . جا یه کێك له و کاره زۆر پیرۆزانه که ئه م حه بلی برایه تی و پێکه وه ژیانه پته وتر ده کات بریتی یه له خێرو یارمه تی بۆ بێ باوکان و بێ وه‌ژنان و هه ژاران و ده ست کورتان ونه داران. ئه م چه ند فه رمووده‌م دا به گوێتاندا که باس له پاداشتی ئه وکه سانه ده کات له خێر و یارمه تی ده به خشن و ترسی ئه وه یان نییه هه‌ژار بکه‌ون .

پێغه‌مبه‌ری ئازیزمان (صلى الله علیه وعلى اله وسلم) فه‌رموویه‌تی: (داوو مرضاكم بالصدقة) [صحیح]. . واته: نه خۆشه كانتان چاره سه ر بكه ن به صه ده قه و خێركردن، ئه م فه رمووده یه به ڵگه یه له سه ر ئه وه ی ده ست گرتنی هه ژاران نه خۆشی ده په ڕێنێ و نایهێڵێ إن شاء الله . وه‌هه‌روه‌ها فه‌رموویه‌تی: (ظل المومن یوم القیامه صدقته)[ اسناده حسن صحیح، وانظر: مشكاة المصابیح] واته : خێرو سه ده قه له رۆژی دواییدا ده بێته سێبه ر بۆ خاوه نه که ی. بێنه پێش چاوی خۆت له هاوینێکی گه‌رم ته‌نها پله 40 بێت خۆت ڕاده‌گری له‌به‌ر تیشکی خۆر؟؟ نه‌خێر بێ گوومان په‌نا ئه‌به‌یته به‌ر سێبه‌رو په‌سیوێ .

دەی بیزانە ئەوگەرمایەی ئەوکات زۆر زۆر لە وە گەرمترە کەسێبەرت دەست ناکەوێت جگە لەسێبەری عەرشی الله تعالی نەبێ ئەویش تەنها بۆ ئەوکەسانەیە کەوا پێغەمبەری خودا ( صلی الله علیه وعلی اله وسلم ) ئاماژەی پێ داون فەرموویەتی :(سبعه یظلهم الله فی ظله؛ یوم لا ظل الا ظله..)[صحیح مسلم] واتە: حەوت کەس هەنە کە الله تعالی لە ڕۆژی دوایدا لە ژێر سێبەری عەرشی خۆی عەشریان دەکات لە ڕۆژێك کە هیچ سێبەرێك نیە تەنها سێبەری عەرشی الله تعالی نەبێت ،

یەکەمیان: پێشەوایەکی دادپەروەر ،

دووەمیان: گەنجێك گەورە بوبێت لە ناو عیبادەتی الله تعالی ،

سێیهەمیان: پیاوێك دڵی گرێ درابێت بە مزگەوتەکان ،

چوارەهەمیان: دوو پیاو یەکتریان خۆش دەوێت لە پێناو الله تعالی بەیەکەوە لەسەر ئەم خۆشەویستیە کۆ دەبنەوە وە لەسەر ئەم خۆشەویستیە لەیەکتر جیا دەبنەوە ، پێنجەهەمیان: پیاوێکە ئافرەتێکی خاوەن ماڵ و عەشیرەت و جوان بانگی بکات بۆ زیناکردن لەگەڵی بەڵام کوڕەکە دەڵێت بەڕاستی لە الله تعالی دەترسم ئەم کارە خراپە ناکەم ،

شەشەهەمیان: پیاوێکە کاتێك ماڵێك دەبەخشێت ئەوەندە بە نهێنی دەی بەخشێت تاوەکو دەستی ڕاستی نازانێت دەستی چەپی چی بەخشیوە ، ( لە صحیح بخاری دا

هاتووه ؛ (حتى لا تعلم يمينه ما تنفق شيماله) واته: دەستی چەپ نەزانێت دەستی ڕاست چی بەخشیوە ، زانایان دەڵێن ئەم مانایە تەواوترە چونکە ماڵ بەخشین بە دەستی ڕاست دەکرێت نەك چەپ ،

حەوتەهەمیان: پیاوێکە یادی الله تعالی دەکات بە تەنها و نهێنی ، بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئاگای لێبێت ، پاشان هەردوو چاوەکانی فرمێسکی لێ دێتە خوارەوە. لەدەست خۆتە کەس ڕێی لێ نەگرتووی ببیە کەسێك لەو کەسە سەرفرازانە..

له الله تعالی داواکارم دڵه کانمان جۆش وخرۆش دات بۆ یارمه تی دانی هەژاران و هەتیوان و موحتاجان بمان پارێزێ له چرۆکی و ڕەزیلی شەڕی نەفس و لەتورەیی خۆی به ڕاستی تاوان و سه رپێچی گه یشتۆته ئاستێك كه په روه ردگار به هه ڕه شه وه باسی بكات، حه قه له سه رمان زوو بكه ین و په له بكه ین بۆ ڕازی كردنی الله تعالی.

# ئەوکەسانە کێن کە مستەحەقی زەکاتن

لە بابەتی ڕابردوو باسی ئەوەمان کرد کەوا زەکات ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام و الله تعالی فەرزی کردووە لەسەر ئەو موسوڵمانانەی ماڵەکەیان گەیشتۆتە ئەندازەی زەکات ، وە ساڵێك بەسەر ماڵەکەیاندا سووڕابێتەوە.

بەپشتیوانی الله تعالی باسی ئەوە دەکەین [کێن ئەوانەی موستەحەقی زەکاتن و زەکاتیان پێ دەدرێت]؟!

الله تعالی ئەوکەسانەی دیاری کردووە کە شایستەی زەکاتن و دەشێت زەکاتیان بدرێتی،ئەوکەسانەی زەکاتیان پێ دەشێت هەشت چۆری خەڵکین ، لەزیادی کوڕی حاریثی صودائی 'رضی الله عنه' هاتوە دە فەرمووێ: چوومە لای پێغەمبەری الله(صلی الله علیه وعلی اله وسلم) و بەیعەتم پێی دا لەوکاتەدا پیاوێك هات گووتی لەزەکات بەشم بدە ئەی پێغەمبەری الله ،پێغەمبەری الله(صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی: ( إن الله تعالى لم يرض بحكم نبي ولا غيره في الصدقات حتى حكم فيها هو فجزأها ثمانية أجزاء فإن كنت من تلك الأجزاء أعطيتك حقك) [سنن ابی داود] واتە: الله تعالی بەحوکمی پێغەمبەرێك نە بەحوکمی کەسێکی تر ڕازی نەبووە هەتا بۆ خۆی حوکمی تیا کردووە ،وەکردوویەتی بەهەشت بەشەوە ئەگەر

تۆش بەشێك بیت لەو بەشانە ئەوە بەشت ئەدەم لەحەقت،
زەکاتیش تایبەت کراوە بەم هەشت کەسەوە کە الله تعالی باسی کردوونە و دەفەرموێت: (إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين وفي سبيل الله وابن السبيل فريضة من الله والله عليم حكيم) (التوبە؛60)

یەکەم: ( الفقراء) واتە: ئەو کەسانەی هەژارن زۆر موحتاجن هیچیان نیە ، یان ماڵێکی زۆر کەمی هەیە و بەشی ناکات ، بۆ نمونە کەسێك هیچ موچەیەکی نیە یان کارێکی وای نیە مەسروفی خۆی و مناڵەکانی پێ بکات ، یان زۆر قەرزدارە ، زانایان فەرموویانە : کەسی فەقیر لە مسكين موحتاج ترە بۆیە الله تعالی لەم ئایەتە دا فەقیری پێش مسكين خستوە .مسکینەکانیش بەشێکن لە فەقیرەکان سیفەتێکی تایبەتیان بەخۆیانەوە هەیە مسکینان ئەو فەقیرانەن کەوا دوورە پەرێزی دەکەن لەسواڵ کردن ،وەخەڵکیش بێ ئاگایە لەحاڵیان .بۆیەش الله تعالی باسی کردوون بۆ ئەوەی نەبادا خەڵکی ئاگایان لەحاڵی نەبێت وفەرامۆشیان بکەن .

جونکە ئەوانە خۆیان دەرناخەن.هاوەڵی ئازیز ابوهريره ‘رضی الله عنە ‘ فەرموویەتی:
پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی:

(ليس المسكين الذي ترده التمرة والتمرتان، ولا اللقمة واللقمتان، وإنما المسكين الذي يتعفف واقرءوا إن شئتم يعني قوله( لا يسألون الناس إلحافا(البقره ؛ 273) [ متفق عليه]. واته: مسكين ئەوە نيە خورمايەك يان دوو خورما دەيگرێتەوە يان لوقمەيەك، نان، يان دوولوقمە دەيگرێتەوە ،بەڵكو مسكين ئەوەيە كەوا دوورە پەرێزى دەكات لەسواڵ كردن.

ئەگەر حەزدەكەن ئەم فەرمايشتەى الله تعالى بخوێنەوە كە دەفەرمووێت: ( لا يسألون الناس إلحافا) (البقره؛273) بەزۆر داوا لەخەڵك ناكەن ،داواناكەن لە خەڵكى بەزۆر شتێ وەربگرن و ڕووگيريان بكەن، حيكمەتى زەكات ئەوەيە كەوا ئيحتياجى فەقيرو هەژارانى پێ تەواو بكرى .

بەئەندازەى ئەوەندەيان پێ ئەدرێ كەوا لەفەقيرى و هەژارى دەريان بێنێ و رزگاريان بێت ،هەروەكو پێشەواى ئيمانداران عومەرى كوڕى خەتاب فەرموويەتى: ( ئەگەر زەكاتان دا بەفەقيرو هەژار ئەوەندەيان بدەنێ كەلە فەقيرى ڕزگاريان بكات) هەروەها لەفەرموودەكەى هاوەڵى ئازيز معاذ دا ،رضى الله عنه، هاتووە كەوا ( زەكات لە دەوڵەمەندەكانيان وەردەگيرێ ئەدرێتەوە بە فەقيرەكانيان ) كەدەڵێين دوڵەمەند مەبەستمان ئەوە نيە كابرا خاوەنى دەفتەر دۆلار و موڵكى زۆر بێت ئەوەى پارەى بە ئەندازەى نرخى [20] مسقاڵ زێڕ هەبێت دەوڵەمەندە و ئەبێ زەكات بدات.

دووهەم: ( المساكين) واتە: ئەو كەسانەی ماڵ و پارەیان هەیە ، بەڵام بەشیان ناكات ، بۆ نمونە كەسێكە موچەی هەیە بەڵام بەشی ناكات زۆر جار لەسەری قەرزداریش دەبێتەوە بەهۆی زۆری مەسروفی ماڵ و منداڵی یان كرێی خانوی .
پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (ليس المسكين الذي يطوف على الناس، ترده اللقمة واللقمتان، والتمرة والتمرتان، ولكن المسكين الذي لا يجد غِنًى يغنيه، ولا يُفطن به فيُتصدق عليه، ولا يقوم فيسأل الناس) [البخاری/مسلم] واتە: مسكین ئەوكەسە نیە بەنێو خەڵكیدا بگەڕێت پارویەك یان دوو پارو بیگرێتەوە ،یان دەنكە خورمایەك یان دوو دەنكە خورما،بەڵكو مسكین ئەو كەسەیە ئەوندەی نیە كەوا بەشی بكات و كەسیش پێی نازانێت ،هەتاوەكو خیری پێ بكات .وەخۆشی هەڵناستێ داوا لەكەس بكات .
هەروەكو باسمان كرد. مسكینەكانیش بەشێكن لە فەقیرەكان سیفەتێكی تایبەتیان بەخۆیانەوە كە دیار نینەو خۆیان ئاشكرا ناكەن بۆیە پێویستە ئەوانەش فەرامۆش نەكرێن هەستیان پێ بكەین.

## ڕوونكردنەوەیەك:

هەیە خاوەنی حەدی( نصاب) واتە: بەئەندازەی نرخی [20] مسقال زێڕەكە پارەی هەیە بەڵام لەبەر زۆری خێزانی گرانی شتوومەك داهاتەكەی بەشی خۆی نەكات ، ئەمچا ئەم جۆرە كەسانە بە دەوڵەمەند حیساب دەكرێن دەبێ زەكاتەكەیان بدەن . زەكات لەماڵەكەیان واجب دەبێت،لەگەڵ ئەوەشدا بە فەقیریش حیساب دەكرێن لەولایەنەوە لەبەر ئەوەی هەیانە بەشیان ناكات بەشی خەرجیان ناكات.

هەر بۆیە زەكاتیان پێ ئەشێ .ئەبێ لەزەكات بەشیان بدرێ وەكو فەقیر حیسابیان بۆ دەكرێت.با ئەوكەسە خاوەن خانووی خۆشی بێت زەكاتی پێ ئەشێت جونكە ناتوانێ پێویستی خۆی جێ بەجێ بكات نابێ زۆریشی لێ بكرێ كە خانوەكەی بفرۆشێ،

لە [مغنی ] دا هاتووە مەیموونی دەڵێت: [گفتوگۆم كرد لەگەڵ باوكی عبدالله پێشەوا احمدی كوڕی حەنبەل ‘رحمە الله’ دەڵێ : گووتم جاری وا هەیە مەڕو بزن و ووسترێكی ئاوای هەیە كە زەكاتی تیادا واجبە ،لەگەڵ ئەوەشدا فەقیرە مەڕوومالاتەكەشی چل سەر دەبێ ؟وە زەوی كشتووكاڵیشی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ناكات خەرجیەكەی ،ئایا زەكاتی پێ دەشێت ؟ پێشەوا احمد فەرمووی ؛ بەڵێ جونكە ئەوندەی نیە دەوڵەمەندی بكات و توانای ئەوەشی نیە ئەوەندە پەیدا بكات .

لەبەرئەوە درووستە زەکات وەربگریَ زەکاتی پێدەشێت وەکو ئەوە وایە کەوا ئەو ماڵەی هەیەتی زەکاتی لەسەر پێویست نەبیَ ]

سێهەم: ( العاملون عليها ، أي على الزكاة) واتە: ئەو کەسانەی زەکات کۆ دەکەنەوە ، یان پارێزگاری دەکەن .ئەوکەسانەن کەوا پێشەوای موسڵمانان دایان دەنێت کەوا کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی زەکات وەرگرتنی لەدەوڵەمەندەکان و دابەش کردنی. وەهەروەها ئەوانەی پاسەوانیش دەکەن لە زەکاتە یان نوسەرن و ئەنووسن و حیساب و تەسفیەی دەکەن یان شوانی ئاژەڵەکانن هەر لەمانەن،پێویستە ئەوکەسانە لە موسڵمانان بن لەوکەسانە نەبن کە زەکتیان پیَ ناشێت و پیَ نادریَ بۆیان حەڕامە وەکو کەسوکاری پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) کەوا بەنی هاشم عبدالمطلب دەگرێتەوە، جونکە پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (ان الصدقه لاتنبغی لمحمد و لا لال محمد ،انما هی وساخ الناس)[رواه مسلم و احمد] واتە: زەکات بەمحمد الی محمد ناشێت جونکە زەکات چلکی خەڵکە، لەفەرموودەیەکی تر فەرموویەتی: ( زەکات بەمحمد کەسوکارەکەی محمد ناشێت) ئەوکەسانەی لە کاروباری زەکات دا کار دەکەن سەرپەرشتی کۆکردنەوەو دابەش کردنی دەکەن زەکاتیان پیَ ئەدریَ ئەوە کرێی کارەکەیانە ،وە پێویستە ئە کرێیەش کە پێیان ئەدریَ ئەوەندە بێت کە بەشیان

بكات،پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: ( سمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول من كان لنا عاملا فليكتسب زوجة فإن لم يكن له خادم فليكتسب خادما فإن لم يكن له مسكن فليكتسب مسكنا قال قال أبو بكر أخبرت أن النبي صلى الله عليه وسلم قال من اتخذ غير ذلك فهو غال) [سنده صحيح /ابى داود /احمد] واتە: هەركەسێك كرایە سەرپەرشتیكارێك بۆمان ،ئەگەر خانووی نەبوو خانووی پی بگرێت،وەئەگەر ژنی نەبوو ژنی پێ بێنێت،وەئەگەر خزمەت كاری نەبوو خزمەت كاری پێ بگرێت،وەئەگەر وولاغی سواری نەبوو وولاغ
بگرێت،وەهەركەسێك لەوانە زیاتر شتێكی لێ ببات ئەوە دزە .ئەم فەرموودەش دوورەگی هەیە هەروەكوو خەتابی فەرموویەتی:

یەكەم: بەدروستی داناوە بۆ بەدەست هێنانی خانوو خزمەت كار و كرێكەیان لەسەر زەكاتەكە بێت كەوەری دەگرێت ،بەڵام ئەوكرێ یەی كە ئەمساڵی وەری دەگرن،بۆی نیە لەوە زیاتر سەرف بكات و بكرێ،

دووهەم: ئەبێ كار گوزاری زەكات خزمەت كارو خانووی هەبێت ،بەڵام ئەگەر خانووی نەبوو بۆی بەكرێ ئەگیرێ هەتا لەسەر ئەوكارە بێت،وە ئەگەر خزمەت كارو هاوكاری نەبوو دەبێ كەسێكی بۆ بگیرێ هاوكاری بێت و خزمەتی بكات بەسی بێت بۆ كارەكانی نەوەك زیادە،ئەوەیشی پێویستی پێ نەبێت ئەتوانێ حەقی كارەكەی وەربگرێ و بیكاتەوە بەخیر بەكەسانێكی فەقیرو موحتاجتر.

پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب ‘رضی الله عنه ’ فەرمویەتی: پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) ماڵی بەمن دەبەخشی پێیم دەگووت: بیدە بەکەسێکی لەمن فەقیر تر،هەتا جارێك هەندێ ماڵی پێ دام منیش دووبارە گووتم ؛ بیدە بەکەسانێک کەلەمن زیاتر پێویستیان پێ یەتی ،ئەڵێ ؛ پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرمووی: ( ما أتاك الله عز وجل من هذا المال من غير مسألة، ولا اشراف خذه فتموله ، أو تصدق به ،ومالا فلا تتبعه نفسك ) [البخاری/ والنسائی] واتە: الله تعالى هەرچی لەوماڵە دایتێ بێ ئەوەی داوای بکەی یان بەدڵ چاوەڕوانی بکەینت .وەری بگرەو بەکاری بهێنە،یان بیکە بەخیر ئەمجا ئەگەر ئاوا بۆت ڕێك نەکەوت ئەوە بەدوای دامەچۆ.

چوارەهەم: ( المؤلفه قلوبهم) واتە: ئەمانە کەسانێکن کە مەبەست لێیان ئەوەیە دڵیان دەستەمۆ بکرێ لەسەر ئیسلام ڕاهێنرێن ثابت بکرێن، جونکە باوەڕیان لاوازە، یان بۆ ئەوەی موسڵمانان لەشەڕیان بەدوور بخەنەوە ،یان سوود و کەڵکیان لێ وەربگیرێت بۆ پارێزگاری کردنی موسڵمانان ، یان ئەو کەسانەی ئومێدی موسوڵمان بونیان لێ دەکرێت و گەورە و پێشەوای خەڵکین ، یان ئەو کەسانەی تازە موسوڵمان بونە بۆ ئەوەی دڵیان زیاتر لەسەر ئیسلام جێگیر بێت .زانایان ئەم کۆمەڵە دەکەن بەدوو بەشەوە:-

### أ:موسڵمان
### ب: بێ باوەڕ.

موسڵمانەكانیان دەبنە چوار بەشەوە:-

یەكەم: كۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی ئیسلام و سەرۆك هۆزەكان . كە هاوشانیان هەیە لەبێ باوەڕەكاندا، ئەگەر زەكاتیان پێ بدرێ ئومێدی موسڵمان بونی ئەوانیش ئەكرێ،وەكو ئەوەی پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم ) كاتێك یەكێك هاتە لای فەرمانی دا مەڕو بزنی زۆری پێ بدەن ،لەبەینی دووكێودا لەو مەڕو بزنانەی كە بۆ زەكات هاتبوون ،كابراش زۆر بەخۆشحاڵیەوە بۆلای هۆزو قەبیلەكەی هاواری لێ كردن و گووتی؛ كوڕە پیاوی چاك بن موسڵمان بن بەڕاستی محمد (صلى الله عليه وعلى الەسلم) بەخششی كەسێك ئەبەخشێ كەوا لەفەقیری و نەبوونی ناترسێت، هەروەها وەك پێشەوای ئیماندارن ئەبو بەكری صدیق ‘رضى الله عنه’ بەشی عەدی كوڕی حاتەم و [زبرقان]ی كوڕی بەدری ئەدا هەرچەندە موسڵمانی كامڵیش نەبوو، بەڵام زەكاتی پێیان ئەدا جونكە پلەو كاریگەری خۆیان هەبوو لەناو هۆزەكانیان.

دووهەمیان: گەورە پیاوانێكی ئیتاعەت كراو لەناو قەومەكانیان كەموسڵمان بوونە بەڵام باوەڕیان لاوازە، ئەمانە زەكاتیان پێ ئەدرێ بە ئومێدی لەسەر چەسپاو بوونیان وباوەڕبەهێز بوونیان لە جیهاد تێكۆشان و هەر كارێكی تری ئیسلام دا ئامۆژگاری

بكرێن، پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) بەشێكی زۆری داوە بەم چۆرەیان هەروەكو لە غەنیمەی هەوازین .كەهەندێ لەئازاد كراوەكانی مەككە بوون كە ئیسلام بووبوون بەڵام موونافیق و دووڕوو و باوەڕ لاوازین تیا بوو،چا دوای ئەوە زۆریان باوەڕیان چەسپا و كامڵ بوون ئیسلام.

سێهەم: ئەو موسڵمانەن كەوا لەسە سنوورن وە بەرامبەر بە وولآتی بێ باوەڕانن .ئەمانەش زەكاتیان ئەدرێتێ بەهیوای ئەوەی پارێزگاری لەسنوورەكان بكەن.بۆ پاراستنی ئیمانداران لە ناوەوەی دوڵەتی ئیسلامی كاتێ دوژمن هێرش بكات .
ڕوون كردنەوەیەك: ئەگەر بەووردی سەیر بكەین لەم ڕۆژگارەی ئیمرۆمان كافران و مورتەدان هەوڵ ئەدەن بەم شێوە موسڵمانان لەخشتە بەرن هەوڵ ئەدەن بەهەر چۆرێ بێت لە ئیسلام پاشگەزیان بكەنەوە بە دانی پارەو ئیقامە و ماڵی تایبەت و .

زۆریش هەبووە بەو هۆكارە چووە دینی گۆڕیوە بوە بە جولەكەو خاچ پەرەست و یان دارو دەسەتەی حوكامە مورتەدەكان.

چوراهەم : كۆمەڵێك لەموسڵمانان كەوا پێویستن بۆ كۆكردنەوەی زەكات وە وەرگرتنی لەو كەسانەی كە زەكات نادەن،بە دوڵەتی ئیسلامی .ئەگەر نەیان دا كوشتاریان دەكرێ .یان ئەمانە هەڵدەبژێرن دڵیان ڕادەهێنرێت بە زەكات بۆ ئەوەی هەڵسن بەوكارە.هەوڵ ئەدرێ بەزیانی كەم یەكلا بێتەوە.

## ب: ئەوانەی بێ باوەڕن:

کە زەکاتیان پێ ئەدرێ بۆ دڵ ڕاهێنان ئەوانیش دەبنە دوو بەشەوە-:

یەکەمیان: بێ باوەڕێك ئومێدی ئەوەی لێبکرێ کەوا ئەگەر زەکاتی پێ بدرێ دڵ نەوایی بکرێ باوەڕ بهێنێ بەو هۆکارە،وەکو صەفوانی کوڕی ئومەیە کە پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) ڕۆژی فەتحی مەککە پەنایدا وچوار مانگ مۆڵەتی پێی دا بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە موسڵمان بێت، ئەوکاتە خۆی وون کردبوو ئەوەبو هاتەوە لەگەڵ موسڵمانەکان لە جەنگی حونەیندا دژی بێ باوەڕەکان جەنگا بێ ئەوەی موسڵمان بێت .پاشان پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) چەکەکەی بە ئەمانەت لێ وەرگرت کاتێ چوو بۆ جەنگی حونەین ،ئەوەبو پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) ووشترە ئاوسێکی زۆری پێ بەخشی کە لەدۆڵێکدا بوو .صەفوان گووتی ؛ ئەمە بەخششی کەسێکە ترسی لەهەژاری نیە ، وە گووتی ؛سوێند بە الله پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) ئەم ووشترانەی پێ بەخشیم کەس نەبوو ئەوندە ڕقم لێی بێت .پاشان ئەوەندەی بەخشی پێم تا وای لێهات بوو بەخۆشەویسترین کەس لام.

دووهەم : بێ باوەڕێك لە موسڵمانان مەترسی زەرەرو زیانی لێ بکەن . ئەمجا ئەم زەکاتەی پێئەدرێ بە ئومێدی زەرەرو زیانی دوور خرێتەوە .ئەگەر موسڵمانان هێزو

دەسەڵاتی زۆریان نەبوو.هاوەڵی ئازیز ابن عەباس فەرموویەتی: کۆمەڵێك لە هاتنە لای پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) ئەوانە ئەگەر زەکاتی پێیان بدایەوە دڵنەوای بکردنایە ئەوا مەدحی ئیسلامیان ئەکردو ئەیان گووتن ئاینی چاکە، وەئەگەر نەیاندانایە زەمی ئیسلامیان دەکرد ؟ ئەوا ' پێش ئیسلام بوونیان' ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب'رضی الله عنە' وئەقەرعی کوڕی حابیس و عویەینەی کوڕی حصن بوون. پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) هەریەکەی سەد ووشتری دانێ .بەڵام دوای ئەوەی ئیسلام بووە خاوەن هێزو دەسەڵاتی زۆر لەسەردەمی پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب 'رضی الله عنە' هەندێ لەوانە زلە زلەی ئەشراف عوینەی کوڕی حصن ، ئەقرەعی کوڕی حابیس ، عەباسی کوڕی میرداس ،ئەو نوسراوەیان هێنا کە لەسەردەمی پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) دەیان هێناو زەکاتیان وەردەگرت.کەهاتن لەسەردەمی پێشەوای ئیمانداران ئەبو بەکر ئەوانە دەهاتن بەهەمان شێوە زەکاتەکەیان وەردەگرت ودەیدانێ. ئەوەبوو جارێك هاتن بۆ وەرگرتنی زەکات پێشەوای ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب'رضی الله عنە' لێیی پرسین ئێوە کێن؟ گووتیان ؛ئێمە ئەوانەین کە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی الەوسلم) زەکاتی ئەداینێ ،نوسراوەکەی لێ وەرگرتن و دڕاندی دەری کردن و نەیدانێ ،پاشان فەرمووی ئەوە شتێك بوو پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) پێی ئەبەخشین بۆ ئەوەی ڕاتان بهێنێ لەسەر ئیسلام .'تائێستا هەر نەچەسپان' ئێشتا

ئیسلام الله تعالی عیزەتی پێ بەخشیوە پێویستی بە ئێوە نیە .ئەمجا ئەگەر لەسەر ئیسلام ئەچسپێن باشە ئەگەرنا (شمشێر ئەکەوێتە نێوانمان) !! دوای ئەوانە توورە بوون وچوونەوە لای پێشەوا ئەبو بەکر گلەییان کرد گووتیان تۆ خەلیفەی یان عومەر؟ پێشەوا ئەبو بەکر فورمووی ؛ئەو خەلیفەیە ئەگەر بیووستایە، بۆیە پێشەوا ئەبوبەکریش چووە سەر قسەی پێشەوا عومەر'رضی الله عنهم' ئەوەبوو هەموو هاوەڵان چوونە سەر قسەی پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب'رضی الله عنهم'

پێشەوا شەوکانی 'رحمە الله' فەرموویەتی: [بۆدڵ ڕاهێنان درووستە زەکات بدرێت] وەهەروەها پێشەوا شافیعی 'رحمە الله' فەرمویەتی:[دڵ ڕاهێنانی بێ باوەڕ نابێ بکرێ نابێ زەکاتیان پێ بدرێ -بەڵام فاسق دروستە بەشی دڵ ڕاهێنانی پێ بدرێت] وەهەورەها پێشەوا ئەبو حەنیفەش 'رحمە الله ' فەرموویەتی:[زەکات دان بەدڵ ڕاهێنراوەکان لاچووە بەهۆی بڵاو بوونەوەی ئیسلام وسەرکەوتنی ،ئەوەی پێشەوا ی ئیمانداران ئەبو بەکرو عومەر دەکاتە بەڵگە بۆ ئەمە]

پوختەکەی ئەوەیە: زاهیرەن درووستە لەکاتی پێویستدا بۆ دڵ ڕاهێنان زەکات بدرێت بۆنموونە ئەگەر لەسەردەمی پێشەوایەك بێت کەسانێك بۆماڵی دونیا بەگووێی نەکەن، لەم حاڵەتەدا ئەو پێشەوایە بۆی هەیە دڵیان ڕابگرێ و زەکاتیان پێ بدات ،بەڵام سەیر دەکرێ بەکێ دەشێ و بەئەندازەی چەندی ئەدرێتێ .' لەماڵی غە نیمەدا

‘یان له ‘اموال المصالح’ ئەوەش دەبێ بەڕێی شورا بێت،ئەصل ئەوەیە لەم باسە کە ئارام و هێواشترین زەرەر و چاکترین بەرژەوەندی پێش بخرێ .ئەگەر موسڵمانان لەحاڵەتی بێ هێزی بوون پێویستیان بەدڵ ڕاگرتنی کەسانێك هەبوو یان بۆ دەستەمۆ کردنی دڵیان و ڕاهێنانیان لەسەر ئیسلام

پێنچەهەم: ( الرقاب) واتە: ئەو کۆیلانەی دەیانەوێت خۆیان لە گەورەکەی خۆیان بکڕنەوەو ئازاد ببن لە کۆیلایەتی ،واتە: بەندەیەك نوسراوێك لەبەینی خۆیی و خاوەنەکەی ئەنووسن بۆ خۆ کڕینەوەی .ئەمانە ئەبێ بەماڵی زەکات یارمەتی بدرێن بۆ گەردەن ئازاد کردنیان لەکۆیەلایەتی .وەهەورەها بەندەی تریش دەگرێتەوە کە بکڕدرێ و ئازاد بکرێ. لەهاوەڵی ئازیز ابوهریرە وە هاتووە کە پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (ثلاثه كلهم حق على الله عونه؛ الغازى فى سبيل الله ،والمكاتب الذى يريد الاذا، والناكح امتعفف) [رواه احمد واصحاب السنن/حسن صحيح ] واتە: سێ کەس لەسەر الله تعالى یە یارمەتیان بدات، کەسێ لەرێگای الله تعالی تێ بکۆشێت جیهاد بکات، کەسێك’ کۆیلەیەك’ نووسین بکات خۆی بکڕێتەوە وە نیەتی پارەدانەکەشی هەبێت بە خاوەنەکەی، وەکەسێك لەبەر داوێن پاکی ژن بهێنێ.

**لێرەدا ڕاجیاوازیەك هەیە لەسەر ئەوە:-**
هاوەڵی ئازیز ئیبن و عەباس ‘رضی الله عنە’ پێشەوا حەسەنی بەصری و، پێشەوا احمد و بوخاری ‘رحمە الله ‘فەرموویانە (وفی الرقاب) مەبەست ئەوەیە بە پارەی زەکات بەندە و کۆیلەی پێ بکڕێت وئازاد بکرێت ، بەڵگەشیان ئەوەیە کەوا ئەگەر ئەمە بۆ ئەو بەندانە بوایە کەوا نوسین هەیە لەبەینی خۆیان و خاوەنەکانیان ، ئەوکاتە ئەو بەندانە ئەچوونە حوکمی (الغارمین) واتە؛ قەرزداران، جونکە ئەمانەش هەر قەرزدارن،وەهەروەها کڕینەوەی گەردەنی بەندە بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ باشترە لە یارمەتی دانی بەندەی نووسەر .جونکە لەوانەیە بەندە یارمەتیش بدرێ بەڵام ئازاد نەکرێت، لەبەر ئەوە بەندەی نووسەر هەر بەندەیە مادام دیرهەمێکی لەسەر مابێ بیدا بەخاوەنەکەی .جونکە کڕین لەهەموو کاتێکدا دەبێت.

بەڵام پێشەوای ئیمانداران عەلی کوڕی ابوطالیب و سەعیدی کوڕی جوبەیر ‘رضی الله عنهم’ فەرموویانە ؛( وفی الرقاب) الله تعالی مەبەستی لەو بەندانەیە کەوا نوسراوە مەبلەغی پارە پەیدا بکەن و بیدەن بە خاوەنەکانیان بۆ ئەوەی ئازادیان بکەن .ئەوانە لەزەکات بەش ئەدرێن بۆ ئەوەی ئەو مەبلەغە تەواو بکەن و ڕزگاریان بێت .هەروەها پێشەوا شافیعی و ئەبو حەنیفەش ‘رحمە الله ‘ و زۆری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن.

پێشەوا زوهری ‘رحمه الله ’ فەرموویەتی: [ ووشەی (وفی الرقاب) هەردوو کیان دەگرێتەوە .زاهیرەن هەر ئەوەیە ئەگەر سەیرکەین ئایەتەکە هەردووکیان دەگرێتەوە .

شەشەهەم: ( الغارمون) واتە/ ئەوکەسانەی قەرزدارن و توانای دانەوەی قەرزەکەیان نیە.قەرزدارانیش چەند بەشێکن:

لەوانە: هەیانە بەهۆی سوڵحەوە قەرزاربووە، یان بۆتە زامن و کەفیلی قەرزێك و کەوتووە بەسەری دا ئەمچا هەرچی ماڵ و پارەی هەبووە داوێتی لەپێناوی دا ، یان قەرزی کردووە بۆ پێوسیتی خۆی ،یان لەکردنی خراپەدا سەرفی کردووە دوایی توبەی کردووە وپەشیمان بۆتەوە ،ئەمانە هەموویان زەکاتیان پێ ئەدرێ هەتا قەرزیان لەسەر نامینێ ،لە هاوەڵی ئازیز ئەنەس ‘رضی الله عنه’ هاتوە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (لا تحل المساله الا لثلاث ؛لذی فقر مدقع ،او لذی غرم مفظع ،او لذی ذم موجع) [ سنده صحیح] واتە: سواڵ کردن بۆ سێ کەس نەبێت ناشێت ؛هەژارێکی تەواو داماو، یا قەرزێکی زۆر گران و لەڕادە بەدەر، یان خاوەن خوێنێکی بە ئازار ، واتە: ئەوکەسەی دیەی خزمێکی یا ڕەفیقێکی قاتیلی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

هاوەڵی ئازیز ئەبو سعیدی خودی ‘رضی الله عنه’ فەرموویەتی: لەسەردەمی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) پیاویك میوەیەكی زۆری كڕی بوو بەو هۆیەوە تووشی قەرزاری زۆر بوو ‘جونكە میوەكەی خراپ بوو’ پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی: (تصدقوا علیه) واتە؛ زەكاتی بدەنێ ،خەڵكەكەش زەكاتیان بۆ هێنا بەڵام بەشی نەكرد كەوا قەرزەكەی پێ بداتەوە ؟ پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) بە خاوەن قەرزەكانی فەرموو: ( خذوا ما وجدتم ،ولیس لكم الا ذلك)[صحیح مسلم] واتە: هەرچی بۆ كۆبۆتەوە ئەوە وەربگرن و لەوە زیاترتان بۆ نی یە

وەهەورەها هاوەڵی ئازیز قبیصەی كوڕی مخارق’رضی الله عنه’ دەڵێ: بۆ ڕێك خستنەوەی نێوان دوولایەن بۆ سوڵح تووشی [حماله ]بووم واتە؛ خۆم قەرزار كرد هاتمە لای پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) داوای یارمەتیم كرد ئەویش فەرمووی ؛لێرە بمێنەوە هەتا زەكاتمان پێ دەگات فەرمان ئەدەم بەشت بدەن.
بۆیە ئەمانەی باسمان كرد ئەتوانن زەكات وەربگرن تاوەكو قەرزەكانیان لەسەر نامینێ.

حەوتەهەم:( فی سبیل الله) واتە: موجاهیدان ئەوکەسانەی جیهاد دەکەن لە پێناو الله تعالی ، وە ناویان نیە لە دەفتەری موجاهیدان ئەوانەی ماڵیان پێ دەبەخشرێت ، وە زۆرێك لە زانایان فەرموویانە ؛ ئەگەر کەسێك خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ خوێندن و فێر بوونی زانستی شەرعی ’طالیب العلم‘ ، زەکاتی پێ دەدرێت ، چونکە زانستی شەرعی دەچێتە ژێر تێکۆشان لە پێناو الله تعالی . زۆرینەی زانایان ؛ڕایان وایە کە مەبەست لە ڕێگای الله تعالی مەبەست پێی جەنگو جیهاد و تێ کۆشانە .وەبەشی (سبیل الله ) ئەدرێ بەو تێکۆشەرانەی خۆبەخشن لەپێناو الله تعالی حەقی ئەوانە .جونکە موچەیان نیە لە دەوڵەت ئەمانە بەشیان لە زەکات دا هەیە ئەمچا دەوڵەمەند بن یان هەژار جیاوازی نیە بۆ موجاهیدان.
(فی سبیل الله ) واتە: لەڕێگای الله تعالی هەموو پەرژەوەندە گشتیەکان دەگرێتەوە ئەوانەی سودیان بۆ ئاین و دەوڵەت تێدا بێت، بۆنموونە: [کڕینی چەك و فیشەك وعیتاد جل وخواردەمەنی بۆ موجاهیدان ،بەڵام ئەو شتانەی بۆ ئامادە کردنی موجاهیدانە لەدوای جەنگەکە ئەگەر مایەوە ئەبێ بخرێتە [بیت المال] ئەگەر خواردن و شتی وا نەبوو کە تێك بچێ و بەسەر بچێ، وەکو چەک و کەرەسەر وولاغ و سەیارە و شتی تر ئەمانە بەو سیفەتەی جیهادی پێ کراوە سەرباز ناتوانێ بەکاریان بینێ بەڵکو تەنها لەکاتی جەنگ و جیهاد بەکاریان دێنێتەوە .بە پێچەوانەی هەژاران و کار گوزارانی زەکات و قەرزارو دڵنەوایی کراوان و قەرزار ان ،ئەمانە هەرچیان

وەرگرتووە نایگێڕنەوە بەلام موجاهیدان کاتێ جەنگ نەما ئەبێ سەیارە وکەلو پەلە جەنگیەکان بگێڕنەوە بۆ [بیت المال] وەهەروەها دروست کردنی نەخۆشخانەی سەربازی فێرگەی سەربازی کە خێری گشتی یە ئەچێتە مانای (فی سبیل اللە ) ئەوەش وەهەروەها قیرتاو کردنی ڕێگاو بان دانانی شەمەند نەفەری جەنگی بۆ گواستنەوەی سەربازان وەهەروەها دروست کردنی کارگەی تەقەمەنی و زرێ پۆش و فڕۆکە و کەشتی وسەنگەر و قەڵا بۆ سەرخستنی تەوحید و بەرگری کردن لە ئیسلام زۆر زۆر گرنگترە ئیمڕۆ زەکاتی تێدا سەرف بکرێ .وەهەروەها ئامادە کردنی زاناو بانگەواز خوازی حەق و کامڵ و عقیدە چاك وەکو ڕێکخراوێک ئامادە بکرێ بۆ دعوە و بانگەواز و ناردنیان بۆ وولاتانی بێ باوەڕ پێوسیتە لەوپارەی زەکاتیان بۆ سەرف بکری بۆ بانگەوازی تەوحید بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەووڵاتانی بێ باوەڕ.

هەروەها نەفەقەی فێرگە وقوتابخانەو زانیاری شەرعی ئەو فێرگانەی دەرسی شەرعی و سەربازی تیا ئەگوترێتەوە هەموویان بەرژەوەندی گشتینە و پێویستە زەکاتیان تیا سەرف بکری، هەروەها حەج کردنیش زەکاتی تیا سەرف دە کرێ ئەگەرچی حەج فەرزە لەسەر ئەوانەی کە توانایان هەیە نەوەك ئەوەی توانای نیە .(بەلگەش ئەم فەرموودەیی پێغەمبەری ئازیزمانە (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم) کەلە هاوەڵی ئازیز ئیبن وعەبباسەوە'رضی اللە عنە' هاتوە فەرموویەتی: پێغەمبەری ئازیزمان (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم) ویستی حەج بکات ژنێکیش داوای لە پیاوەکەی خۆی کرد

گووتی لەگەڵ پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلى اله وسلم) حەجم پێ بکە، پیاوەکەش گووتی هیچم نیە پێت بدەم تا بچیە حەج .ئافرەتەکەش گووتی؛ بە ووشترە فلانیەکەت بم نێرە ؟ ئەویش گووتی؛ ئاخیر ئافرەت ئەم ووشترە (فی سبیل الله ) بەندە بۆ ئەوە کابرا هاتە خزمەت پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وعلى اله وسلم) و پرسیاری لێ کرد سەبارەت بەوە ئایا ئەتوانێ بە ووشتر بینێری ؟!!پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وعلى اله وسلم) پێ فەرموو: (اما انك لو احججتها علیه ،کان فی سبیل الله ) واتە: ئەگەر بەو ووشترە ناردبات بۆ حەج ئەوە لە رێگای الله تعالى ئەژمێردرا) . پێشەوای پایەبەرز شیخ الاسلام ئیبن و تیمیە 'رحمه الله ' لە [ الاختیارات العلمیه] دافەرموویەتی: هەرکەس حەج ی واجبی نەکرد و فەقیریش بوو ، ئەوە ئەو پارەی ئەدرێتێ کە بتوانی حەجی پێ بکات ،وەهەورەها پێشەوا ئە حمەد و حەسەن ئیسحاق'رحمهم الله ' یش فەرموویانە ؛کە حەجیش هەر (فی سبیل الله ) حیساب دەکرێت.

هەشتەهەم: ( ابن سبیل) واتە: ئەوکەسەی رێبوارە چووە بۆ شارێك یان ووڵاتێك لەم شوێنە دا پارەی پێ نامێنێت بۆ ئەوەی پێی بگەرێتەوە ووڵات و شارەکەی ، دروستە زەکاتی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بگاتەوە شوێنەکەی .زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە ئەو رێبوارانەی لەووڵاتی خۆیان دا ئەبرێن زەکاتیان پێ ئەدرێ و پێیان

ئەشێت، ئەوەندەی ئەدرێتێ بەجێهێنانی مەبەستەکانی کە هیچی بەدەستەوە نەماوە هەژار کەوتووە ’

ڕوونکردنەوەیەك: بۆ ئەوەش مەرج هەیە سەفەرێك لە پێناو الله تعالی بوبێت یان لەبەر ناحەزان و دوژمنانی ئیسلام ئاوارە بووبێت هەڵبڕابێت لە وڵاتی خۆی یان بۆ بەدەست هێنانی زانست بێت، نەوەك ئەفەندی بۆ فەساد و کەیف سەیف خۆشی لە مەغروری ڕای کردبێت چووبێت بۆ ئەوروپا.

پێشەوا شافیعی ‘رحمە الله’ فەرموویەتی: ئەو ڕێبوارانەی لە زەکات وەردەگرن ئەوانەن:-

یەکەم: کەسێک سەفەرەکەی هەر لەنێو وڵاتی خۆیدا دەست پێ بکات .

بۆ نموونە : لەهەولێر بۆ سلێمانی بۆ دهۆك بۆ بەغدا هتد..

دووهەم: کەسێك لە وڵاتی خۆی دەر چێت و دوور کەوێتەوە بەسەفەر. ‘جا لەبەر زوڵم و ستەم جێ هێشتبێ لەبەر ناحەزانی ئیسلام نەکردنی سەرپێچی لە شرعی الله یان بۆ مەبەستی خوێندن’ ئەمانە هەردوو جۆریان مافیان هەیە لەزەکات وەربگرن

لەلای پێشەوا ئەحمەد و مالیك ‘رحمهم الله ‘ ئەو ڕێبوارەی مافی وەرگرتنی زەكاتی هەیە ئەو ڕێبوارەیە كەوا لە وولاتی خۆی دوور كەوێتەوە .نەوەك سەفەری لەنێو وولاتی خۆی دا بێت. وەئەگەر كەسێكیش قەرزی پێ بدات ئەوەندەی هەبێت كە گەڕایەوە قەرزەكەی بداتەوە جونكە زەكاتی نادرێتێ .بەلام ئەگەر كەسی نە بوو قەرزی پێ بدات ئەوە .یان ئەوەندەی نەبوو كەوا لەشوینەكەی خۆی قەرزەكەی بداتەوە ئەوە زەكاتی ئەدرێتێ

## ڕوونكردنەوەیەك:

دابەش كردنی زەكاتە كە چۆن دەبێت .

ئایا بەسەر هەموو ئە هەشت كەسانەوە كە پێیان ئەشێت: [ فەقیرەكان ، مسكینەكان، كارگوزارانی زەكات ،دڵنەوای كراوەكان، بەندە و كۆیلەكان ،قەرزارەكان ،ڕیبواران، موجاهیدەكان] .یان بەسەر هەندیكیاندا.

سەبارەت بەوە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە و ئیختیلافایان هەیە:-

پێشەوا شافیعی فەرموویەتی: ئەگەر خاوەن ماڵ خۆیی بوو وەكیلەكەی بوو ئەوكاتە بەشی كارگوزار نادرێ .پێویستە لەحاڵتەدا دابەش بكرێ بەسەر حەوت كەسەكەی تردا.

ابراهیمی نەخەعی فەرموویەتی: ئەگەر ماڵەکە زۆر بوو بەشی هەموو بەشەکانی دەکرد چاك وایە بەسەر هەموویان دابەش بکرێ .وە دروستیشە بیدەن بەیەك جۆریان ئەگەر کەم بوو.دابەش کردنی بەسەر هەمویان باشترە

پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی: دابەش بکرێ بەسەر هەموو بەشەکانی باشترە ،وەدروستیشە بدرێ بەکەسێکیان.

پێشەوا مالیکی فەرموویەتی: بگەڕێن بزانن کامە زۆر پێوسیتە ئەوسا بیدا بە ئەوەیان کەلەپێشترە لەوانی تر.

پێشەوا ئەبو حەنیفە فەرموویەتی: خاوەن زەکات خۆی سەر پشکە ئەیدا بەکێ با بیداتێ.

ووتەی یەکلاکەرەوە . هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نیە وجودی نیە کە زەکات بەش بەش کردن واجب بکات بەڵکو دروستە هەندێك زەکات بدرێ بەهەنێك زەکات پێشیاو هەندێکی تر بدرێ بەهەندێکی تر .ئەگەر پێشەوای ئیمانداران زەکاتی کۆکردەوە وەهەر هەشت جۆرەکە هەبوون لەو شوێنەدا هەر جۆرە مافی خۆی داوای بەشەکەی خۆی بکات کە الله تعالی بۆی داناوە ، بەڵام لەسەری نیە وەکو یەك دابەشی بکات بەسەریاندا و هەندێکیان بدات و بەشی هەندێکیان نەدات ،ئەگەر بزانێت ئەو جۆرە دابەش کردنە بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانانی تێدایە.

بۆنموونە ئەگەر پێشەوای ئیمان داران زەکاتی هاتە لا لەوکاتە وەکو ئێستا کە جیهاد مان لەپێشە بۆ بەرگری کردن لەموسڵمانان و وولاتی ئیمانداران دژی بێ باوەڕان و مورتەدان ئەوە لەپێشترە ئێستا بدرێتە موجاهیدان ،هەتا ئەگەر هەموو زەکاتە لەوان سەرف بکرێ بۆ کڕینی چەك و کەلوپەل .بۆیە هەرکاتێك بەرژەوەندی کۆمەلەڵێك وای پێوسیت کرد لەپێشترە ئەوا ئەدرێ بەوان لەوکاتەش باشترین و لەپێشترین (فی سبیل اللە) یە کە پێویستە هەموو ئەوە بزانین کەوا هەتیوان و خانەوادەی موجاهیدانیش کە لەپێناو اللە تعالی گیانیان بەخشیوە لەپێشن ئێستا کە دابڕاون لەهەموو خۆشی و بەخشینێك..

لە اللە تعالی داواکارم پابەندمان بکات بە دینەکەی و شارەزامان بکات لێی ئەم ڕووکنەی ئیسلام بە تەواوی و بێ کەمو کوڕی ئەنجام بدەین هەروەکو اللە تعالی فەرمانی پێکردووین پێغەمبەری ئازیزمان (صلی اللە علیه وعلی اله وسلم) ئەنجامی داوە.

## کەسێك زەكات نەدات خوێن و ماڵی ناپارێزرێت.

پێویستە لەسەرهەموو ئیمانداران بیزانن كەوا زەكات ڕوكنێكە لە ڕوكنەكانی ئیسلام ، الله تعالى فەرزی كردووە لەسەر ئەو موسوڵمانانەی ماڵەكەیان گەیشتۆتە ئەندازەی زەكات ، وە ساڵێك بەسەر ماڵەكەیاندا سووڕابێتەوە ، الله تعالى دەفەرمووێ: ( خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها)(التوبه؛ 103)

واتە: لێیان وەربگرە هەندێك لە ماڵەكەیان ، بۆ ئەوەی ئەم ماڵە بۆیان ببێتە مایەی پاك بوونەوەیان لە تاوان و ڕەووشتە خراپەكان.

زەكات یەكێكە لە پایەكانی ئیسلام كە ئیسلامی لە سەر بنیات نراوە كە بریتییە لە پێنج پایە كە باسكراون لەو فەرموودەیەی كە ئیبن عومەر ‘رضی الله عنه’ لەپێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) دەیگێڕێتەوە كەوا فەرموویەتی: (بني الإسلام على خمسه ؛على ان يوحد الله -وفی روايه ؛على خمس؛ شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله ، وإقام الصلاة ، وإيتاء الزكاة ، وصيام رمضان ،والحج)[رواه البخاري، كتاب الإيمان] واتە: ئیسلام بنیات نراوە لە سەر پێنج پایە؛

لە سەر ئەوەی کەوا الله تعالی بە تەنها بپەرسترێت .وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە؛ شایەتی دان بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ، وە بەڕاستی (محمد صلی الله علیە وعلی الە وسلم) عەبد و پێغەمبەری الله یە ، و ئەنجامدانی نوێژ، و زەکات دان، و ڕۆژووی ڕەمەزان، و حەج کردن، زەکات دان بریتییە لە؛ پەرستنی الله تعالی بە بەخشینی ئەندازەی واجب کراو لەو ماڵانەدا کەوا حەقی زەکاتی تێدایە.بێگومان ئەو موسوڵمانانەی زەکاتی ماڵەکەیان نادەن الله تعالی سزایەکی بە ئێشی بۆ داناون.

پێغەمبەری خودا (صلی الله علیە وعلی الە وسلم) فەرموویەتی:(یاتی المال الذی لم یعط الحق منها ،فتطا الابل سیدها باخفافها ، ویاتی البقر والغنم فتطا صاحبها باظلافها ، وتنطحە بقرونها ،ویاتی الکنز شجاعا اقرع صاحبە ،فیفر منە، ثم یستقبلە ویفر منە ،فیقول ؛ما لی ومالك؟! فیقول ؛انا کنزك انا کنزك ،فیتقاە صاحبە بیدە فیلقم یدە) [ حسن صحیح /صحیح أبي داود] واتە: لە ڕۆژی دواییدا ئەو ماڵەی حەقی لێ نەدراوە و زەکاتی لێ دەر نەکراوە دێت بۆ لای خاوەنەکەی ، ئەگەر ماڵەکە ووشتر بێت ئەوا ئەم ووشترە دێت بە پێیەکانی بەسەر خاوەنەکەی دەکەوێت و سزای دەدات ، وە ئەگەر ماڵەکە مەڕو بزن و مانگا بێت ئەوا ئەم مانگا یان ئەم مەڕە دێت بە پێیەکانی بەسەر لاشەی خاوەنەکەی دەکەوێت ، وە بە قۆچەکانی لێی دەدا و سزای دەدات ، وە ئەو ماڵە ئەگەر زێڕ و زیو و پارە بێت لە

خاوەنەکەی دەبێت بە مارێکی گەورە و سەرلووس بەهۆی زۆری ژەهرەکەی سەری تووکی پێوە نەماوە ، ئەم مارە دەگات بە خاوەنەکەی ئەویش لە ترسی ڕا دەکات ، پاشان مارەکە پێی دەگات ، ئەویش پێی دەڵێت تۆ چیت لە من دەوێت ؟ مارەکە پێی دەڵێت؛ من ئەوماڵەی تۆم کە هەڵت گرتبوو زەکاتت لێ دەرنەدەکرد ، ئینجا مارەکە یەکسەر لە دوای گەیشتن پێی پڕ دەداتە دەستی و قووتی دەدات ، وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە دەفەرموێت ئەم مارە خۆی لە ملی دە ئاڵێنێت و سزای دەدات . وە زۆر سزای تر باسکراوە لە قورئان و سوننەت سەبارەت بەو کەسانەی زەکات نادەن ، جا هەر کەسێك دەیەوێت لە سزای بە ئێش و بەهێزی الله تعالی بپارێزرێت ئەوە با تەقوای الله تعالی بکات و زەکاتی ماڵەکەی بە شێوەیەکی شەرعی دەربکات.
لێرەدا ئەبێ بزانین (تەوحید ، نوێژ، زەکات) کەسێك ئەم سێ ڕووکنەی تیا مەوجود نەبوو کافردەبێ خوێنی حەڵاڵ دەبێت کوشتاری دەکرێ و نابێت بە برای دینی و دەست هەڵناگیرێت لە کوشتنی. الله تعالی لە قورئاندا ئەم سێ مەرجەی داناوە بۆ خوێن پاراستن هەروەکو دەفەرمووێ: ( فإن تابوا وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فخلوا سبيلهم )( التوبة ؛5) واتە: کوشتاری موشریکەکان بکەن...بەڵام ئەگەر تەوبەیان کرد لە شیرك و هاتنە سەر(تەنها الله پەرستی) وە نوێژیان کردو زەکاتیان دا، ئەوکاتە ڕێگەیان بەردەن و دەست لەکوشتاریان هەڵگرن.

له دوای ئەوەی کە پێغەمبەر ی ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) کۆچی دوایی کرد زۆر لە عەرەبەکان مورتەد بوونەوە هەڵگەڕانەوە لە دین. وە
کۆمەڵێکیشیان مەنعی زەکات دانیان کردو نەیان دەبەخشی بە(بيت المال). بەڵام نوێژیان دەکردو دەیان گوت (لا إله إلاّ الله، محمد رسول الله) وە شەریکیان بۆ الله تعالی دانەدەناو کەسی تریشیان بە پێغەمبەر دانەدەنا.بانگیان ئەدا نوێژ یان دەکرد لەسەر مەنعی زەکات پێشەوای ئیمانداران ئەبو بەکری صدیق 'رضى الله عنه ' لەسەر ئەوە کوشتاری کردن .بەمورتەدی دانان
پێشەوا ی ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب 'رضى الله عنه' پێش کوشتاریان بە پێشەوا ئەبو بەکری فەرموو ی چۆن تۆ کوشتاری کەسێك دەکەیت کە شایەدی دەهێنێت و نوێژ دەکات لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (أُمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأن محمدا رسول الله، ويُقميوا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا منّي دمائهم وأموالهم إلا بِحق الاسلام، وحسابهم على الله تعالى )[ صحيح مسلم ]واتە: فەرمانم پێ کراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تاوەکو دەڵێن؛ (لاإله إلا الله) وە ئەگەر گوتیان لا إله إلا الله ئەوە خوێن و ماڵیان پارێزراوە تەنها بە حەقی ئیسلام نەبێت ؟!. پێشەوا ئەبو بەکر 'رضى الله عنه' فەرمووی ئەی عومەر ؛(إلا بحق الاسلام) پێشەوا ئەبو بەکر 'رضى الله عنه 'چاکترو ڕاست تر لەم فەرموودەکەی پێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه

وعلى اله وسلم) گەیشتبوو بۆیە فەرمووی( زەکات حەقی ئیسلامەو هەر کەسێك نوێژ بکات و زەکات نەدات ئەوە کوشتاری دەکەم). لە دواییدا پێشەوا عومەر ‘رضی الله عنه’ تێ گەیشت کە پێشەوا ئەبوبەکر ’رضی الله عنه’ لەسەر حەقەو قەناعەتی کرد بە قسەکەی.
کەواتە: (( کەسێك زەکات نەدات خوێن و ماڵی ناپارێزرێت بە گوتنی (لا إله إلاّ الله) و نوێژ کردنیش))

بێگومان زەکات دان ڕوکنێکی ئیسلامە حوکمێکی شەرعییە و ناوێکە بۆ ئەو حەقەی مرۆڤ دەری دەکات لە ماڵ و سامانی خۆی لە مافی الله تعالی بۆ هەژارانی ئیمانداران .جا ئەم مافەی الله تعالی بۆ هەژاران لەسەر موسڵمانی ئازادی خاوەن سامان کە گەشتبێتە ئەندازەی [نصاب] واتە؛ ڕێژەی واجب بوونی زەکات وە مەرجە ئەو ڕێژەیە [نصاب] زیاد بێت لەو پێویستیانەی مرۆڤ پێویستیان پێی هەیە ئەوانەی کە مرۆڤ ژیانی پێ بەسەر دەبات وەك؛ خۆراك و جلوبەرگ و سەیارە وزەوی خانو زێرو زیو و ئامرازەکانی کارکردن وە ساڵێك بەسەر ئەو ڕێژەیەدا بڕوات شێوەی حیسابکردنیشی ئەوەیە کەی مرۆڤ بوو بە خاوەن ئەو ڕێژەیە ساڵێك حیساب دەکات جا ئەگەر کەسێك ماڵی نەبوو یان هەر پێویستیە لەوانە هەبوو یان ژنهێنان زەکاتی لەسەر نییە.ئەم زەکاتە الله تعالی فەرزی کردووە لەسەر موسڵمانانی خاوەن سامان بە گوێرەی ئەو وردەکارییانەی لە ئەحکامەکانی زەکاتدا هاتوون جا بۆ دیاری

کردنی سنوری دەوڵەمەند و هەژار ڕێژەیەك هەیە کە مرۆڤ بەوە نزمترین پلەی دەوڵەمەندی بەدەستدەهێنێ کە بریتی یە لە هەبوونی[ 20 ]مسقاڵ زێڕ’ ئاڵتون.

## زەکاتی پارەو زێڕو زیو

سەرەتا: ئەبێ بیزانین لەسەر زەکات دان لە پارەو زێڕ و زیو الله تعالی فەرمانی پێ کردووین ئەفەرمووێ: ( والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم )( يوم يحمى عليها في نار جهنم فتكوى بها جباههم وجنوبهم وظهورهم هذا ما كنزتم لأنفسكم فذوقوا ما كنتم تكنزون) (التوبه؛34-35)واته: ئەو کەسانەی سامان (لەپارەو پول) ودارایی لە زێڕو زیو کۆ ئەکەنەوە و لەڕێگای الله نایبەخشن مژدەی سزایەکی ئێشێنەریان پێ بدە،کاتێ لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو زێڕ و زیوە لە ئاگری دۆزەخدا سوور ئەکرێتەوە نێو چاوانیان و تەنیشتەکانیان پشتیانی پێ داغ دەکرێ و پێیان دەگووترێ ؛ئەمە ئەو ماڵەیە کە لەدونیا بۆ خۆتانتان کۆتان کردبۆوە،دەی بچێژن سزای ئەوەی کۆتان ئەکردەوە.
لێرەدا ئەبێ بیزانین زەکات لەپارەو لە زێڕو زیو دا (واجبە) ئەمجا جی ئەوا زێڕو زیو

لەقالبی پارەدا بن یان دارێژراوبن .یا کەرەسەی خاوبن .جا هەرکاتێك ئەوانە موڵکی کەسێك بوون بە ورادەیە [نصاب] گەیشتن کە ئە بێ زەکاتی لێ دەربکرێ ، بۆ زەکاتی پارە هەروەکو لە بابەتەکانی پێشوو روونم کردۆتەوە زەکات حوکمێکی شەرعییە و مرۆڤ دەری دەکات لە ماڵ و سامانی خۆی .

الله تعالى دەفەرمووێ: (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها ) (103؛ التوبة)واتە: لێیان وەربگرە هەندێك لە ماڵەکەیان ، بۆ ئەوەی ئەم ماڵە بۆیان ببێتە مایەی پاك بوونەوەیان لە تاوان و ڕەووشتە خراپەکان.
جا ئەم مافە بۆ هەژاران لەسەر موسڵمانی ئازادی خاوەن سامان کە گەشتبێتە ئەندازەی [نصاب] واتە: ڕێژەی واجب بوونی زەکات وە مەرجە ئەو ڕێژەیە [نصاب] زیاد بێت لەو پێویستیانەی مرۆڤ پێویستیان پێی هەیە ئەوانەی کە مرۆڤ ژیانی پێ بەسەر دەبات وەك: خۆراك و جلوبەرگ و سەیارە و ئامرازەکانی کارکردن وە ساڵێك بەسەر ئەو ڕێژەیەدا بڕوات شێوەی حیسابکردنیشی ئەوەیە کەی مرۆڤ بوو بە خاوەن ئەو ڕێژەیە ساڵێك حیساب دەکات جا ئەگەر کەسێك ماڵی نەبوو یان هەر پێویستیە لەوانە هەبوو .یان ژنهێنان زەکاتی لەسەر نییە.

هەموو پارەیەك بۆ ئەوەی زەکاتی بدرێت پێویستی بەوە هەیە کە ئەم چوار مەرجەی تێدا بێت؟!

یەکەم: موسڵمان بوون.
دووهەم: موڵکایەتی، واتە؛ پارەکە زێڕو زیوەکە موڵکی خۆی بێت.
سێهەم: ساڵی بە سەردا چوو بێت.واتە ساڵی بەسەردا سوڕابێتەوە
چوارهەم: گەشتبێتە ڕێژەی دیاری کراو لە شەرعدا [نصاب].وەکو باسمان کرد

ڕێژەی دیاری کراو یش بە پێی شەرع، دیاری کردنی سنوری دەوڵەمەند و هەژار ڕێژەیەك هەیە کە مرۆڤ بەوە نزمترین پلەی دەوڵەمەندی بەدەستدەهێنێ کە بریتی یە لە هەبوونی[ 20] مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە [21] واتە: هەرکەسێ بیست مسقاڵ ئاڵتونی هەبوو یان بەقەدەر بیست مسقاڵ ئاڵتون پارە و پولی هەبوو ساڵی بەسەردا سوڕایەوە بەمەرجێ قەرزاری کەس نەبێت.
چۆنێتی دەرکردنی زەکاتەکەشی بەم شێوەیە دەبێت نرخی کڕینی هەر مسقاڵێکی ئەو زێرە لەلای زەڕەنگەر بە چەند وەری دەگرن تاقی دەکەیتەوە [واتە: ئەو نرخەی کە لێتی دەکڕنەوە، نەك ئەوەی کە کاتی خۆی کڕیوتە]، پاشان لێکدانی دەکەی بە ژمارەی مسقاڵەکان، کۆی کشتی نرخی زێڕەکەت بۆ دەردەچێت بە پارە، پاشان لە هەموو چل بەشێك بەشێکی دەدرێت بە زەکات، واتە؛ ئەگەر بایی؛[4,000,000] ملیۆن بوو ئەوا لە هەر ملیۆنێك [25,000] ی دەدرێت بە زەکات کە کۆی چوار ملیۆنەکە [100,000] ی دەکەوێت.

## زەكاتی زێڕ .

لەچی ڕادەیەك زەكاتی لێ ئەدرێ و چەندە ؟!

لە پێشەوای ئیمانداران علی كوڕی ابوطالیب هاتوە فەرموویەتی: پێغەمبەری الله (صلى الله علیه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (لیس علیك شی ء -یعنی الذهب- حتی یكون لك عشرون دینارا ،وحال علیها الحول ففیها نضف دینار ،فما زاد فبحساب ذلك ولیس فی ما زكات حتی یحول علیها الحول) [رواه احمد و ابی داود وصححه البخاری] واتە: زەكاتێكت لەسەر نیە 'واتە لەزێڕ دا' هەتا بیست دیناری 'زێڕی' دانراوت نەبێت، ئەمجا ئەگەر بیست دیناری دانراوت هەبوو وە ساڵێكی بەسەر دا تێ پەڕی 'ئەبێ نیو دینار زەكاتی لێ بدرێت .پاشان هەرچی لەبیست دینارەكەی زیاد بوو هەر بەو پێ یە زەكاتی لێ دەر ئەكرێت ، وە هیچ ماڵێك زەكاتی لەسەر نابێت هەتا ساڵێك بەسەری دا تێ پەڕ نەبێت.

زوریەقی مەولای بنی فەزارە دەڵێ: پێشەوا عومەری کوڕی عبدالعزیز ’رضی الله عنه’ [ نامەیەکی بۆ ناردم ’کاتێ خەلیفە بوو’ نووسی بووی بۆم : زەکات وەربگرە لەو بازرگانە موسڵمانانەی بەلاتا تێپەڕ دەکەن ’واتە ؛ لەو ماڵەی ئال و وێڵی پێ ئەکەن’ لەهەر [40] دینار دینارێك’ وەئەگەر لە [40] دینار کەمتر بوو ئەوە بەپێی کەمی یەکەی هەتا ئەگاتە [20] دینار ، ئەمجا ئەگەر لە [20] دینار سێ یەکی دینارێکی کەم بوو،

وازی لێ بهێنە و هیچی لێ وەر مەگرە ، و پسولەی بەڕائەت بدە بەو کەسانەی لێیان وەر ئەگریت هەتا ساڵێکی تر] [مسند ابن ابی شیبه]

پێشەوا مالیك ’رحمه الله ’ فەرموویەتی: [ئەو سوننەتەی کە لای ئێمە ئیختیلافی تیا نیە ئەوەیە کە زەکات لە [20] دیناری زێڕدا واجبە ،وەهەورەها لە [200] درهەمیشدا واجبە وە بیست دینار یەکسانە بە [28] درهەم بە دیرهەمی میسری] [الموطا]

ڕوونکردنەوەیەك:

زێڕ ئەگەر گەیشتن بە [20] مسقاڵ ، وە ساڵێکی بەسەردا سوڕایەوە ، لەم [20] مسقاڵە دەبێت [نیو] مسقاڵ بکرێت بە زەکات.

تێبینی: وە نرخی ئەم [20] مسقاڵ زێڕە بە نرخ و پارەی ئەو شوێنە بێت کە لێی نیشتەچێیە ئەوکەسە ئاشکرایە ؛ نرخی زێڕ لە بەرزی و نزمی دایە ، لەوانەیە

هەندێك جار نرخەكەی بەرز بێت ، وە هەندێك جار نزم بێت ، بۆیە پێویستە موسوڵمانان لەو كاتەی ویستیان زەكاتی ماڵەكەیان بدەن پێویستە نرخی زێڕ بزانن بۆ ئەوەی بە هەڵە زەكاتی ماڵەكەیان نەدەن.

كەواتە: ئەگەر یەكێك لە ئێوە بیەوێت زەكاتی زێڕەكەی بە پارە دەر بكات ، ئەگەر تەنها [20] مسقاڵ زێڕی هەبوو وە ساڵێكی بەسەردا سوورا بووەوە ، ئەوە دەبێت بە ئەندازەی نیو مسقاڵ زێڕ پارەی زەكاتەكەی بدات ، بەڵام ئەگەر زیاتر لە [20] مسقاڵی هەبوو ، بۆ نمونە [25] مسقاڵی هەبوو ئەوە لەو كاتەدا دەبێت پرسیار لە نرخەكەی بكات ئەگەر نرخەكەی نزیكی [شەش ملیۆن و سێ سەد هەزار] بوو ، لەم كاتەدا بەرامبەر هەر ملیۆنێك [بیست و پێنج هەزاری دیناری ]دەدرێت ، بۆ نمونە لەم [شەش ملیۆنە] [25] هەزاری دەدرێت ،واتە: [ 6 جاران 25 دەكەین كە دەكاتە =150] سەد و پەنجا هەزار دینار، زەكاتی ئەم شەش ملیۆنەیە ، وە ئەو سێ سەد هەزار دینارەش دەبێت حیساب بكرێت و زەكاتی لێ دەر بكرێت.

سەبارەت بەو زێڕەش كەوا ئافرەتان چ زێڕ بێت یان زیو ئەگەر چی بۆ خۆ ڕازاندنەوەی خۆیان بە كاری بێنن.یان هەڵگیراو بێت بەهەمان شێوە زەكاتی لەسەرە ئەوا دەبێت زەكاتەكەی بدەن بەم سێ مەرجەی خوارەوە؟!

یەكەم: موڵكی خۆی بێت.

دووهەم: ئەگەر ساڵی بە سەردا تێپەڕ ببێت.
سێهەم: وەهەروەها ئەگەر گەیشتبێتە ئەندازەی زەکات دان، بۆنموونە لە [85 گرام یان 17] مسقاڵ زێڕی عەیار] 24.]

ئەگەر زێڕەکەی عەیار [18] یان [21] بوو ئەوا دەبێت حیسابی بکات لای کەسانی شارەزا لەم بوارەدا بۆ ئەوەی بزانێت چەندێك زەکاتی تێدایە و چەندێك زەکاتی دەکەوێتە سەر، یان دەیشکێنێتەوە بە پارە بە نرخی ڕۆژ .

ئەگەر بەو پارەیە توانی [85 گرام یان [17] مسقاڵ زێڕی عەیار [24] بکڕێت ئەوا دەبێت زەکاتەکەی بدات.
بەڵگەشمان ئەم فەرموودانەی پێغەمبەری ئازیزمانە (صلى الله علیه وعلى اله وسلم) ئوم سلمه ‘رضي الله عنها’ فەرموویەتی:(كنت ألبس أوضاحاً من ذهب، فقلت: يا رسول الله أكنز هو ؟ فقال: ما بلغ أن تؤدى زكاته فزِكي فليس بكنز) [سلسلة الأحاديث الصحيحة ]
واتە: هەندێك (خرخاڵ یان پاوەن) لە زێڕ لە بەر دەکرد،دەفەرمووێ گوتم: ئەی پێغەمبەری الله (صلى الله علیه وعلى اله وسلم) ئایا ئەمە هەڵگیراوە ؟ فەرمووی؛ ئەوەی بگاتە ئەندازەی زەکات دان و زەکاتەکەی درا ئەوە هەڵگیراو نی یە.

وەهەروەها دایکمان دایکه عائشه'رضي الله عنها' فەرموویەتی: (دخل علي رسول الله صلى الله عليه وسلم فرأى في يدي فتخات من وَرِق، فقال: ما هذا يا عائشة ؟ فقلت: صنعتهن أتزين لك يا رسول الله، قال: أتؤدين زكاتهن ؟ قلت: لا أو ما شاء الله، قال: هو حسبكِ من النار) [صحيح أبي داود ]
واتە: پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) هاتە ژوورەوە بۆ لام و بینی چەند کلکەوانەیەکی زیو لە دەستم دایە، ئەمجا فەرمووی؛ ئەمە چیيە ئەی عائیشە ؟ دەفەرمویٚ گوتم: دروستم کردووە بۆ ئەوەی خۆمی پێ برازێنمەوە بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم)،ئەمچا فەرمووی:

ئایا زەکاتەکەی دەدەیت ؟ دەفەرمووێ گوتم؛ نەخێر مەگەر الله تعالى ویستی لێبێت، فەرمووی: ئەگەر زەکاتەکەی نەدەیت بەسە بۆ ئەوەی بتباتە ئاگر.

پاڵفتەکەی ئەوەیە: زێڕ چی هەڵگیراو بوو یان بۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان بوو پێویستە لە سەرخاوەنەکەی زەکاتی لێبدات ئەگەر گەشتە ڕێژەی دیاری کراوی زەکات.

**چۆنێتی دەرکردنی زەکاتەکەشی بەم شێوەیە دەبێت:**

یەکەم: نرخی کڕینی هەر مسقاڵێکی ئەو زێرە لەلای زەرِنگەر بە چەند وەری دەگرن تاقیدەکاتەوە [واتە: ئەو نرخەی کە لێتی دەکڕنەوە، نەك ئەوەی کە کاتی خۆی کڕیوتە] دووهەم: لێکدانی دەکرێ بە ژمارەی مسقاڵەکان، کۆی کشتی نرخی زێڕەکە

دەردەچێت بە پارە، پاشان لە هەموو [40] بەشێك بەشێکی دەدرێت بە زەکات، واتە؛ ئەگەر بایی: [4000000] ملیۆن بوو ئەوا لە هەر ملیۆنێك [25000] ی دەدرێت بە زەکات کە کۆی چوار ملیۆنەکە [100000]ی دەکەوێت.

## لە زیودا .

لەچی ڕادەیەك زەکاتی ئەدریێ وچەندە ؟!

زیویش هیچ زەکاتی لێ نادرێت ئەگەر نەگەیشتبێتە ڕادەی [200] دیرهەمی زیو ،ئەمجا کاتێك گەیشتە ئەم ئەندازەو ساڵێکی بەسەردا سوڕایەوە ئەوە چارەکی دەیەکی زەکاتی لێ دەکەوێت، [واتە؛ لە [40] بەش یەك بەش ]وە ئەگەر لە [200] دیرهەمی زیو زیاتر بوو زۆر یاکەم هەر بەو پێ یە زەکاتی لێ ئەکەوێ [واتە: چل یەك] جونکە لە زەکاتی نەقددا پاش گەیشتن بەڕادی زەکات لێ بووردن نیە.

پێشەوای ئیماندارا عەلی کوڕی ابوطالیب ‘رضی الله عنه’فەرموویەتی: پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (قد عفوت لكم عن الخیل والرقیق فهاتوا صدقه الرقه (الفضه) من كل اربعین درهما درهم، ولیس فی تسعین ومائه شیء،گاذا بلغت مائتین ففیها خمسه دراهم) [اصحاب السنن] واته: لەزەکاتی ئەسپ و بەندەکانتان بووڕام،ئێوەش زەکاتی زیو بدەن لە چل دیرهەم درهەمێك ،وەلە سەدو نەوەد درهەمدا هیچ زەکات نیە ،ئەمجا کاتێ گەیشتە دووسەد دیرهەم پێنج دیرهەم زەکاتی لێ دەکەوێت.

[ ترمذی فەرموویەتی: دەربارەی ئەم فەرموودەیە لە پێشەوا بوخاریم پرسی فەرمووی لەوەڵامدا ؛‘ڕاستە’ صەحیحە]وەهەروەها دەڵێ ؛بەکردەوە زانایان بەم شێوەیە کەلە [5 اوقیە] کەمتر زەکاتی دەرناکرێ، [1 اوققیە ش 40 دیرهەمە ] [5 اوقیە ش 200 دیرهەمە] وەهەروە ها [200] دیرهەم [27] ڕیال [555] ریرشی مسری یە [دیرهەمێك 2.975 غرام .200 دیرهەم 595 غرام زیوە]

پاڵفتەکەی ئەوەیە: ئەگەر زیو بگاتە [200] دیرهەمی زیو ، وە ساڵێکی بەسەردا بسووڕێتەوە ، دەبێت [5] پێنج درهەمی زیوی لێ دەر بکرێت و بکرێت بە زەکات.

شێخ ابن عثیمین ‘رحمه الله’ لە [شرح الممتع] دا دەڵێت: [10] دیرهەمی ئیسلامی دەکاتە [7] مسقاڵ ، بۆیە [200] دوو سەد دیرهەم دەکاتە [140] مسقاڵ ، وە بە

غرام دەكاتە [595] غرام ، كەواتە هەر كەسێك [140] مسقاڵ زیوی هەبوو زەكات لە زیوەكەی دەكەوێت و دەبێت پرسیار لە نرخەكەی بكات و بە ئەندازەی [5] پێنج دیرهەم زیو پارە بكاتە زەكات.

تێبینی: زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن ویەك ڕان كەوا زەكات نادرێ لە [ ئەڵماس و یاقوت لوء لوء و مەرجان زەبەر جەدو وێنەی ئەمانە كەوا بەردی گران بەهان ،تەنها مەگەر لە بازرگانیدا بەكاربرێن ئەوكاتە زەكاتیان ئەكەوێتە سەر].

## زەكاتی كەلو پەلی بازرگانی.

لە سمرە كوڕی جندب هاتووە فەرموویەتی: پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمانی پێ كردین زەكاتی ئەوەش دەربكەین كەوا ئامادەی دەكەین بۆ فرۆشتن.
پێشەوا البیهقی لە هاوەڵی ئازیز ابو ذر 'رضی الله عنە' دەگێڕیتەوە كەوا پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: ( فی الابل صدقتها ، وفی الغنم صدقتها وفی البقر صدقتها ،وفی البز صدقته) واتە؛ ووشتر زەكاتی خۆی هەیەو مەڕ

زەکاتی خۆی هەیەو مانگا زەکاتی خۆی هەیەو [بز] واتە؛ جل و بەرگ ، زەکاتی خۆی هەیە.

تێبینی: ووشەی [بز] بەمانای کەلوپەلیش هاتووە لەقاموسدا بەڵام بەمانی جلو بەرگ شیاوترە! چونکە کەلو پەلی ناوماڵ بە ڕێکەوتنی هەموو زانایان زەکاتی لەسەر نی یە.

ڕوونکردنەوەیەك :-

هەرچەندە ئەم دووفەرموودە هەردووکیان لاوازن و سەندێکی ثابت یان نیە جونکە کە موسای کوڕی عوبیدەی تێدایە ،[حافظ] هەندێ لە ڕێگای فەرموودەی دووهەمی بە حەسەن داناوە ، هەرچەندە ئەمە هەڵەیەکە لە ئیسنادی حاکم دا ،جا [دار قطنی بە صەحیحی داناوە حافظ بەحەسن] ،[بەڵام ئەگەر حەدیسەکە صحیح بێت ،ئەی ئەگەر لە بنەمادا حەدیسەکە صحیحش نەبێت چی ؟!

ئەوەی کە حەقیش بێت ئەوەیە ،کە گووتن لە واجبێتی زەکات لە کەلو پەلی بازرگانیدا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە نە لە قورئاندا وە نەلە سوننەتدا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ ئەو قاعیدەیەش نایەتەوە کە ئەبێ لەمانەدا بەرائەتی ئەصلی بۆ دابنرێ ، واتە: قەدەغە بکرێت و حەرام بێت.کەلە خەڵك بسەندرێت، بەدەق نەبێت ،ئەوەش فەرموودەی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) پاڵپشتی ئەکات هەروەکو لەحەجی ماڵ ئاوایيدا فەرموویەتی: ( ان دماءكم ، واموالكم ، وابشاركم ، علیكم حرام،كحرمه یومكم هذا، فی شهركم هذا،فی بلدكم

هذا،الا هل بلغت؟! اللهم فاشهد ..) [رواه الشيخان] واتە؛ بەراستی هەدر کردنی خوێن و ماڵ و سامان وناموسی ئێوە لەسەر ئێوە حەڕامە ، هەروەك حەڕامێتی ئەم ڕۆژەتان، لەم مانگەتاندا ،لەم شارەتاندا، کە مەککە بوو ، ئاگاداربن ئایا پێم ڕاگەیاندن ، دە اللە بە شایەت بە کە پێم ڕاگەیاندوون،

ئەمجا قاعیدەی ئاوا هەڵوەشاندنەوەی ئاسان نیە، یان تایبەت کردنی ئەم فەرموودەیە بەهەندێ ئاسار با صەحیحیش بێت ئاسان نیە ،

وەکو ووتەی هاوەڵی ئازیز عبداللەی کوڕی عمر ’رضی اللە عنە’ کە فەرموویەتی: ( لەکەلو پەلدا زەکات نیە ،مەگەر ئەو کەلوپەلە ی کەبۆ بازرگانی بێت، پێشەوا شافیعی لە [ام] دا بە سەندێکی صحیح دەری هێناوە، هەرچەندە ئەم ڕیوایەتە لەسەر هاوەڵی ئازیز ابن عمرە وە وەستاوەتەوە نیسبەت نەدراوە بۆ پێغەمبەری ئازیزمان (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم) لە گەڵ ئەوەشدا باسی [نصاب] نەکراوە وەهەروەها باسی ئەوشتەش ناکات کە واجبە لێی بدرێت ،ئەمجا بەو پێیە دەکرێت حەمل بکرێت بۆ سەر زەکاتی [موطلق] ئەبەسترێتەوە بە ئەندازەو کاتەوە ،بەڵکو خاوەنەکەی چەندی پێ خۆش بوو ئەوەندە بدات !! ئەوکاتەش ئەچێتە ژێر ئەم فەرمایشتانەی اللە تعالی هەروەکو ئەفەرمووێ: (یأیها الذین ءامنوا أنفقوا مما رزقنکم) (البقرە؛2544) واتە؛ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەو رزقو ڕۆزیەی پێمان داون ببەخشن، وەهەروەها ئەوفەرمووێ: ( وآتوا حقە یوم

حصاده)(الانعام؛141) واته؛ مافەکەی و زەکاتەکەی لەرۆژی چنیندا بدەن،
لەباسی زەکاتی کەلوپەلی بازرگانی پێشەوا ابن حزم ‘رحمه الله ‘بەتێرو تەسەلی له پەرتوکی [المحلى] دا لەم بارەیەوە دوواوە ،رەئی وایە کەوا زەکات لەکەلووپەلی بازرگانیدا نیە و ڕەدی بەڵگەی ئەوکەسانەش دەداتەوە کە ئەڵێن: زەکات تێیدا واجبە، وباسی دژایەتی کردنی قسەکانیانی کردووە لەو بارەیەوە .ڕەخنەشی لەهەموو ئه بەڵگانە گرتووە بەڕەخنەیەکی زانستی وورد،پێشەوا الشوکانی یش ‘رحمه الله ‘ لەگەڵ ئەودایە لەو باسەدا ،وەهەروەها ڕەدی ئەوەش ئەداتەوە کە زەکاتی ئەو ماڵ و ئاژەڵانەی بە واجب داناوە کە بەکرێ ئەدرێ ،

پێشەوا شافیعی و احمد و ابو عبید [دارقطنی ]و بیهقی و عبدالرزاق ئەگێڕنەوە له ابو عمری کوڕی حەماسەوە لە باوکی یەوە کە فەرموویەتی ؛[پێستەو مەنجەڵم ئەفرۆشت پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب ‘رضی الله عنه’ بەلامدا تێپەڕی فەرمووی؛ (زەکاتی ئەو ماڵەت بدە ) دەڵێ گووتم؛ ئەی پێشەوای ئیمانداران ئەوانە پێستەن، دەڵێ فەرمووی ؛( بیخەملێنە پاشان زەکاتەکەی لێ دەربکه

## ڕوونکردنەوەیەك:-

ئەو ئەسەرەش زەعیفە لەبەر ئەوەی ابو عمری کوڕی حەماسی تیایە خۆیی و باوکی نەناسراون؟؟ هەروەکو پێشەوا ابن حزم دەڵێ؛[بەوەش هەڵناخەڵەتێین کەوا ابن

حیببان باوكی به جێگای سیقه داناوه، لەبەر ئەوەی تەوسیق كردنی ابن حبان پشتی پێ نابەسترێ لەبەر كەم تەرخەمی كردنی ،هەر لەبەر ئەوەشه كەوا حافظ به صەحیحی دانەناوه و ئاماژەی كردووه به ئیسنادەكەی [لین] ه

هەرچەندە له [المغنی ] دا هاتوه ئەڵێ؛ ئەم بەسەرهاته بەسەرهاتێكی مەشهوره وئینكاری نەكراوه ، ؛كەواته؛ ئەبێته ئیجماع لەسەر ئەم مەسەلەیه.

ڕوونكردنەوەیەك:

لەسەر ئەوە كاتێك دەڵێ ؛ئەبێته ئیجماع چونكه ئینكاری لێ نەكراوه ،دەڵێین لەپێشەوە قسەكەت بسەلمێنه ئەمجا گفتوگۆی لەسەر بكە! لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم بەسەرهاته ثابتیش بێت هەرگیز بەڵگەی ئیجماعی تێدا نیه ،هەروەكو ابن روشد دەڵێت؛ ئەمانه هیچ كەس جیاوازی نەكردوون له هاوەڵانەوە ’رضی الله عنهم’ وەهەندێك ڕایان وایه كه شتی ئاوا ئەبێت ئیجماع لەلایەن صەحابەوە ، مەبەستم ئەوەیە كه ئەگەر قسەیەك له یەكێك له هاوەڵانەوە هاتبوو، وه لەلایەن كەسیشەوە پێچەوانەی ئەوە ،یا بەلاواز دانانی نەبوو ، ئەوە ئەبێته ئیجماع ،وە لەم ڕیوایەتەشدا لاوای هەیه؟ پێشەوا ابن حزم له [محلی ]دا هێناوێتیەوە فەرموویەتی ئەوەش كه بیری قسەی پێشەوا احمد مان بیر دەخاتەوە كه فەرموویەتی [ هەركەس ئیدیعای ئیجماع بكات درۆزنه و درۆ دەكات ،ئەو چۆن ئەزانێ بەڵكو جیاوازیان كردبێت]؟

]وەڕاستیشی فەرمووە’ڕەحمەتی الله تعالی ی لێبێت’ چونکە چەندین مەسەلە بووە کە ئیدیعای ئیجماعی بۆکراوە بەڵام لەدوای ئەوە دەرکەوتووە کە لەو مەسەلانەیە کە ئیختیلافات و جیاوازی تێدایە.

[ظاهری] یەکان ئەڵێن ؛ مالی بازرگانی زەکاتی لەسەر نی یە ،ابن روشد فەرموویەتی؛هۆی جیاوازی زانایان لە بارەی واجب بوونی زەکات بە قیاس کە جمهور پشتیان پێ بەستووە ئەوەیە ئەو ماڵەی کە دائەنرێ بۆ بازرگانی ماڵێکە کە بە مەبەستی زیاد کردن دا ئەنرێ ، هەر بۆیە لەو سێ جینسە ئەچێت کە بە ئیتتیفاقی زانایان زەکاتی تێدا واجبە [زەرع و ئاژەڵ و زێڕ و زیو] کۆی زانایان ڕایان وایە کەوا واجبە زەکات بدرێت لە ماڵی بازرگانی ، هەرچەندە لەو بارەوە نەصێکی [قطعی ] نەهاتووە ، لە قورئان و سوننەتدا،بەڵکو لەم بارەوە چەند ڕیوایەتێك هاتووە ،کەوا یەکتر بەهێز دەکەن،لەگەڵ گرنگی دان بەوەی کە پشت ئەبەستێ بەدەقەکان، ئەویش ئەوەیە ماڵی بازرگانی کە دەست بەدەستی پێ ئەکرێ بۆ زۆر بووب حیسابی پارەی بۆ ئەکرێ ، وە لەنێوان ئەو ماڵەو لەنێوان دیرهەم و دینارەکاندا کە نرخی ئەو ماڵەیە،هیچ جیاوازی نی یە،تەنها ئەوە نەبێ کەوا ڕادەی زەکاتەکە [نصاب] ئەمسەرو ئەو سەر دەکا لەنێوان نرخەکەیدا کە پارەکەیە و لەنێوان نرخ بۆ دانراوەکەدا کە ماڵەکەیە

وە ئەگەر زەکات واجب نەبیَ لە ماڵی بازرگانی دا ئەوکات هەموو دەوڵەمەندەکان یان زۆر بەیان ئەیان توانی بازرگانی بکەن بە پارەکانیانەوە و هەوڵی ئەوە بدەن کە هەرگیز ساڵ تیَ نەپەڕیَ بەسەر ڕادەی زەکاتی زێڕو زیودا ، بەم شێوەیەش زەکات باتڵ دەبیَ لە پارەکانیاندا .وەسەری ئیعتیبار لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە الله تعالی کە زەکاتی فەرز کردووە لەسەر ماڵی دەوڵەمەندەکان بۆ دڵنەوایی کردن و یارمەتی دانی هەژاران و هاو شێوەیانە ، وە بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندە گشتی یەکانە وە بۆ دەڵەمەندەکانیش سوودی هەیە و بەوە کە دەروونیان پاك دەکاتەوە لە ناهەمواری و بەخیلی چرۆکی ،وە وایان لیَ دەکا کەوا بە بەبەزەیی بن لەئاست هەژاران و ئەوانەی شایستەی دەست گرتنن، وەهەورەها یارمەتی دانی دوڵەت و ئومەت لە پایەدار کردنی بەرژەوەندە گشتیەکاندا ،وە سوودی بۆ هەژاران و غەیری هەژارانیش ئەوەیە کە لە نارەحەتی و موحتاجی ڕۆژگار یارمەتیان ئەدات ،بێجگە لەوەش کە بەرگری کردنێکە لە هۆیەکانی خراپەکاری ، بەوە کە [تضخم] زۆر بوونی پارەو کەم نرخی یەتی لە بەرامبەر کەلوپەلدا دروست ئەبێت ، وئەکەوێتە دەست کەسانێکی دیاری کراوەوە ، کە الله تعالی ئیشارەتی بۆ کردووە لەباسی حیکمەتی دابەش کردنی غەنیمەدا هەروەکو ئەفەرمووێت:

( كي لا يكون دولة بين الأغنياء منكم) (الحشر؛7) واتە: بۆ ئەوەی ئەو سامانە هەر بەدەستی دوەڵەمەندەکانەوە نەبێت ئاڵوگۆڕی پیَ بکەن.

ئەمچا ئایا مەعقولە ئەو بازرگانانە لەهەموو ئەو مەبەسەتە شەرعی یانە جیا بکرێنەوە کە لەوەیە زۆربەی سەروەت و سامان و دارایی میللەت لەدەستی ئەواندا بێت؟

**چی کاتێك کەلوپەل ئەبێت بەماڵی بازرگانی؟**

خاوەنی پەرتووکی [المغنی] دەڵێت؛ ماڵ نابێ بە ماڵی بازرگانی بەدوومەرج نەبێت:-

یەکەم: ئەوکەسە بەهۆی کاری خۆی ببێتە خاوەنی ،وەك کڕین و فرۆشتن،و نیکاح ، وخولع و قەبوڵ کردنی[هبه]بەخشش، و وەسیەت ،وغەنیمە
وەهەروەها کەسب کردنی شتی ڕەوا، چونکە ئەگەر شت بەهۆی خاوەنی یەتی یەوە حوکمی زەکاتی بۆ ثابت و چەسپاو نەبێ ، بەهۆیی تەنها نی تەوە بۆی چەسپاو نابێت ، وەك ڕۆژوو، ئەمچا فەرقی نی یە چی لە جیاتی شتێکی تردا ببێتە خاوەنی ئەو شتە یا بەبێ هیچ ، چونکە بەهۆی کاری خۆی بۆتە خاوەنی ، هەر بۆیە وەکو میراتی لێهاتووە بۆی.

دووهەم: کاتێ بوو بە خاوەنی نیەتی ئەوەی لێ بێنێ کە بۆ بازرگانی یەتی ، ئەمچا ئەگەر لەو کاتەدا کە بۆتە خاوەنی نیەتی بازرگانی یەتی لێ نەهێنێ نابێ بەماڵی

بازرگانی ، با لەدووای ئەوەش نیەتی لێ بینێ ، تازە هەر نابێتە ماڵی بازرگانی ،وە ئەگەر بەمیرات بووە خاوەنی و نیەتی ئەوەی لێ هێنا کە بۆ بازرگانی یە ،ئەوکاتەش هەر نابێ بە ماڵی بازرگانی ،چونکە ئەصل ئەوەیە کەماڵێکە تایبەت بەخۆی یەوە، وە بازرگانی حاڵەتێکی [معارضە]پەیدابووە هەر بۆیە تەنها بە نیەت نابێتە ماڵی بازرگانی ، هەروەك چۆن کەسێکی نیشتەجێ [مقیم] نیەتی سەفەر بینێ حوکمی سەفەری بۆ دا نانرێ بەبێ کاری سەفەر،وە ئەگەر ماڵێکی کڕی بۆ بازرگانی ، پاشان نیەتی ئەوەی لی بهێنێ کە بۆ ماڵی تایبەتی خۆی کڕیوە ، ئەبێتە ماڵی تایبەتی خۆی و زەکاتی لی نادرێ.

**چۆن ماڵی بازرگانی زەکاتی لێدەرئەکرێت؟**

هەرکەس [نصاب] ڕادەی زەکاتی ماڵی بازرگانی هەبێت و ساڵێکی بەسەردا تێبپەڕێت ،لەکۆتی ساڵەکەدا بیخەملێنێ و زەکاتەکی لێ دەربکات کە چل یەکە، بەم شێوەیە هەموو بازرگانێك هەموو ساڵێك ئەوکارە بکات،وە ئەگەر ئەو ئەندازە ماڵەی کە هەیەتی نەگەیشتە ڕادەی زەکات،ئەوە ساڵی لەسەر دانامەزرێت،ئەمچا ئەگەر هات و یەکێك بوو بە خاوەنی ماڵێك نرخەکەی لە ڕادەی زەکات کەمتر بوو ، وە بەشی لەساڵیش بڕوا هەر بەو شێوەیە بێت،پاشان ماڵەکە گەشەی کرد ، یا نرخی شت گۆڕاو ماڵەکەی گەیشتە ڕادەی زەکات ،یان ماڵەکەی فرۆشت بەماڵێك کە گەیشتۆتە ڕادەی زەکات .یان لەناوەڕاستی ساڵدا ماڵێکی تری یان نرخێکی دەست کەوت ڕادەی زەکاتی پێ تەواو بوو. لەم حاڵەتەدا ساڵ لەسەر یەکەم جار دانامەزرێ بەڵکو لەسەر دووهەم جا ر دەبێ.

ئەمەش ووتەی [ثوری و حەنەفیەکان و شافیعی و اسحاق ابو عبیدو ابو ثور و ابن منذره] ‹ڕەحمەتی الله تعالی یان لێبێت› پاشان ئەگەر هات و ڕادەی ئەو زەکاتە لەناوەڕاستی ساڵەکەدا کەمی کرد ، بەڵام لەمسەرو لەوسەری ساڵ تەواو بوو [واتە؛ لەڕادەی زەکات بوو] ڕەئی پێشەوا ابو حەنیفە ‹رحمە الله›ئەوەیە کە ساڵەکە نەپچڕاوە ، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەبێ خاوەن ماڵەکە هەموو کاتێك ئاگای لەنرخی ماڵەکەی بێت بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ گەیشتۆتە ڕادەی زەکات یان نا ؟ ئەمەش شتێکی سەخت و گرانە.

بەڵام ڕەئی حەنبەلیەکان ئەوەیە ئەگەر ئەو ماڵە لە ناوەڕاستی ساڵدا کەمی کرد، پاشان زیادی کرد تا گەیشتە ڕادەی زەکات ،لەم حاڵەدا ساڵ لەوەوە دەست پێ دەکات کە زیادی کردووە ، چونکی بە کەم بوونەکەی لە ناوەڕاستی ساڵدا پچڕاوە.

## زەکاتی دانەوێڵە و بەرووبوم

ئەو جۆرانەی لەسەردەمی پێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وعلى اله وسلم )زەكاتیان لێ ئەدرا
الله تعالى زەكاتی دانەوێڵە و بەرووبومی واجب كردووە لەسەرمان هەروەكو ئەفەرمووێ: (يا أيها الذين آمنوا أنفقوا من طيبات ما كسبتم ومما أخرجنا لكم من الأرض) (البقره؛267)واته: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زەكاتی ئەو شتە پوختانەی بەدەستان هێناوە و ئەوانەی ئێمە لە زەوی بۆمان دەركردوون بدەن،
وەهەوەرها دەفەرمووێ: (وهو الذي أنشأ جنات معروشات وغير معروشات والنخل والزرع مختلفا أكله والزيتون والرمان متشابها وغير متشابه كلوا من ثمره إذا أثمر وآتوا حقه يوم حصاده ولا تسرفوا إنه لا يحب المسرفين) (الانعام؛ 141) واته:
پەروەردگاری ئێوە الله باغ و باغاتی بۆ پێك هێناون لە درەختی خشۆك و بەرز ، وە دارخورما و زەرعی كشتوكاڵی بۆ پێك هێناون كە هەریەكەیان تام و بۆن و شكڵی جیاوازە ،وەهەروەها زەیتون و هەناری بۆ پێك هێناون كە لە لایەنێكەوە لەیەكتر ئەچن و لە لایەنێكی ترەوە لەیەك ناچن ، جا لە بەرووبومانە بخۆن كاتێ بەری دا ، وە ڕۆژی كۆكردنەوەو چنینەوەی مافەكەی بدەن.

هاوەڵی ئازیز ابن عباس ‘رضى الله عنه ‘ فەرموویەتی؛ مافەكەی ئەو زەكاتەیە كە فەرز كراوە ، وەدەفەرمووێت: ( دەیەك و نیو دەیەكە) ئەو جۆرانەش كەلە سەردەمی پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) زەكاتیان لێ دەردەكرا بریتی بووە

له: ( گەنم و جۆ و خورما و مێوژ) کاتێك پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) هاوەڵانی ئازیز ابو موسى و معاذی‘رضی الله عنهم ‘نارد بۆ یەمەن بۆ ئەوەی خەڵکی فێری ئاینەکەی بکەن، فەرمانی پێدان زەکات لەم چوار شتە زیاتر وەرنەگرن ،(گەنم و جۆ وخورما و مێوژ) [سنده صحيح]
زەکات لە سەوزەیجات وەر نەدەگیرا ، کاتێك هاوەڵی ئازیز موغیرە ‘رضی الله عنه’ ویستی زەکات لە سەوزیجاتی زەوی هاوەڵی ئازیز موسى ی کوڕی طلحە‘رضی الله عنه’ وەربگرێت .موسى پێ گووت ؛ بۆت نیە لەوە زەکات وەربگری جونکە پێغمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (ليس فى ذلك صدقه) [سنده صحيح] واتە: ئەمانە زەکاتیان لێ نادرێت
پێشەوا بەیهەقی فەرموویەتی: ئەم فەرموودانە لەوبارەیەوە هەموویان مورسەلن ، بەڵام لەچەند ڕیگایەکی جیاوازەوە هاتوون ، هەربۆیە هەندیکیان پشتگیری هەندێکیان دەکەن .وەلەگەڵیان چەند قسەی هاوەڵانی ئازیز ی لەگەڵە ‘رضی الله عنهم’ وەهەروەها ووتەی پێشەوایانی ئیمانداران ‘عومەر و علی ‘رضی الله عنهم’ و دایکی ئیماندارانیش دایکە عائیشەی لەگەڵە ‘رضی الله عنها’
اثرم ئەگێڕێتەوە کەوا کارگوزارەکەی پیشەوای ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب ‘رضی الله عنه’ نامەیەکی نووسی لەبەای چەند ڕەزە ترێ یەکەوە کە لەناویاندا ئەوەندەی کۆخ و هەنار تێدایە کە بەرهەمەکەی چەند بەرامبەر زیاترە لە ترێکە

،نووسی بووی ئایا زەکاتی ئەمانەش وەربگرم ئەی خەلیفەی ئیمانداران؟ پێشەوا عومەریش فەرمووی لەوەڵامدا: { ئەوانە دەیەکیان تێدا نیە ئەوانەی لەجۆری درەختی درِك و دارن(

ترمذی و قرطبی ش فەرموویانە تەنها زەکات ئەدرێ لەوانەی قوتی خەڵکن جگە لە سەوزیجات.فەرموویانە نە لە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) نەلە خەلیفە هۆشمەندەکانی ثابت نەبووەو نەهاتووە کە وا زەکاتیان لە سەوزیجات وەرگرتبێ ،جگە لە (گەنم و جۆ و خورما و مێوژ)

پێشەوا حەسەنی بەصری وە هەروەها ثوری شەعبی و شوکانی ’رحمهم الله’ فەرمویانە: زەکات تەنها لە وشتانەیەکەوا دەقی بەڵگە ی قورئان و فەرموودەیان لەبارەوە هاتووە، ئە و یش [ گەنم /جۆ/ خورما / مێوژ] ن هەرچەندە لە ابن ماجە دا هاتووە کەوا لەرِیوایەتێکی تردا هاتووە گەنمە شامی ش لەگەڵ گەنم و جۆ و خورما ومێوژدا هاتووە بەڵام فەرموودەکە بە ضعیف دانراوە لاوازەو جونکە عەرزەمی موترۆکی تێدایە ، کەواتە؛لەم چوارە زیاتر نیە [ گە نم و جۆ و خورما و مێوژ ]

هەرچەندە پێشەوا ابو حەنیفە’رحمه الله’ رِایی وایە کە زەکات لەهەموو ئەوشتانەدا واجبە کەلە زەوی ئەرِوێ ، دەڵێ جیاوازی نیە لە بەینی سەوزیجات و جگە لەوانەش ،وە مەرجی داناوە کەوا کە مەبەست لەچاندنەکە عادەتەن ئەوە بێت کەلە زەوی

بەرهەم بەدەست بێت،جگە لەدارو تەختە وقامیشی فارسی و گژو گیاو درەختی بێ بەر،بۆ ئەمەش بەڵگەی ئەم فەرموودەی پێغەمبەری ئازیزمان(صلى الله عليه وعلى اله وسلم) دەهێنێتەوە کە فەرموویەتی: (فيما سقت السماء العشر) واتە: هەرچی ئاسمان ئاوی دا دەیەکی لەسەرە! دەی ئەمەش فەرموودەیەکی گشت گیرە هەموو ئەوجۆرانە دەگرێتەوە کە ئاسمان ئاوی ئەدا، وە لەبەر ئەوەی مە بەست لەچاندنەکە بەرهەم هێنانە لەزەوی ، کە ئەمەش وەك دانەوێڵە وایە.

پێشەوا مالیك یش ‘رحمه الله ‘ ڕایی وایە ئەوەی لەزەوی ئە ڕوێ زەکاتی تیا واجبە ،بە مەرج گیراوە لەو شتانە بێ کە بمینێتەوە و ووشك بکرێ و ئادەمیزادبۆخۆی بەرهەمی بینێ.

پێشەوا شافعی یش ‘رحمه الله ‘ ڕایی وایە هەرچی لەزەوی دەرهات بەمەرجێ لەوانە بێت کە قوت بن و زەخیرە بکرێن و ئادەمیزاد بەرهەمیان بینێ وەك و گەنم و جۆ ئەوە زەکاتیان تێدا واجەبە.

پێشەوا نەوەوی ‘رحمه الله ‘ ڕایی وایە زەکات لەبەری درەختا نیە جگە لە خورماو ترێ نەبێ .دەڵێ؛ زەکات لەهیچ دانەوێڵەیەکدا نیە جگە لەوەی کە قوتن و زەخیرە دەکرێن.

پێشەوا احمد ‘رحمە الله ‘ ڕایی وایە هەرچی الله تعالی لەزەوی بیڕوێنێ زەکاتی تێدا واجبە، دەڵێ ؛ زەکات واجبە لەهەموو ئەوشتانەی کەوا سیفەتی ووشك کردنەوەیان هەیە .وەهە روەها دەفەرمووێ؛ زەکات نیە لە میوەجاتا.

سەبارەت بەزەیتونیش پێشەوا نەوەیی دەڵێ: زەکاتی تێدا واجب نیە ، پێشەوا زهری و ئەوزاعی و مالیك و ابو حەنیفە ش فەرموویانە ؛ زەیتوون زەکاتی تێدا واجب نیە بەڵام هەندێکیان ڕایان وایە لەزەیت و ڕۆنەکەی زەکات دەر ئەکرێ.

ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە پێشەوا ابن روشد فەرمویەتی: هۆکاری ئەو ئیختیلافاتەی زانایان ئەوەیە ئایا زەکات کە پەیوەندی بەم چوار شتەوە هەیە [گەنم ،جۆ ،مێوژ، خورما] لەبەر عەینی ئەو شتانەیە ، یان لەبەر عیلەتێکە کە تێ یدا نیە ، کەئەویش ئەوەیە قوتن؟ ئەمجا ئەم زانایانەی کە دەڵێن ؛لەبەر عەینی ئەو شتانەیە ڕئیان وایە کە زەکات تەنها لەوشتانە واجبە وەئەوانەش کە ئەڵێن؛ لەبەر عیلەتی ئەوەیە کە قووتن، ڕەئیان وایە کە زەکات لەهەموو قوتێکدا واجبە.

وەهۆی ئیختیلافات لەنێوان ئەو زانایانەی کە ڕەئیان وایە زەکات تەنها لەوشتانە واجبە لە قووت بن؟ لە نێوان ئەو زانایانەی کە ڕەئیان وایە زەکات واجبە لەهەموو ئەوشتانەی کە لە زەوی ئەڕوێت ،جگە لەوشتانەی کە ئیجماعیان لەسەر هەیە کە زەکات تێیدا واجب نیە وەکو [پوش و پەڵاش و تەختە و دارو قامیش ] ئەوەیە کە

قیاس [معارض] ه بۆ عمومی لەفزەکە، ئەما بۆ لەفزەی عموم ئەگەینێت ئەو فەرمایشەتەی پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) کە فەرموویەتی: (فيما سقت السماء العشر وفيما سقى بالنضع نصف العشر) واتە: ئەوەی ئاسمان ئاوی بدا دەیەکی زەکات تێدایە (واتە: لەدەبەش یەك بەش) وە ئەوەی بەهۆی ئاو کێشەوە ئاو ئەدرێ صی لە بیر یا لەچەم و کانی بێت نیوە دەیەکی زەکاتی تێدایە (واتە: لە بیست بەش یەك بەش ) وە (ما) کەلە فەرموودەکە هاتووە بە مانای (الذى ) یە وە (الذى ) یش لە لەفزی عمومە ،وەهەورەها ئەو فەرمایشتەی الله تعالى کەدەفەرموێت: ( وهو الذى انشاء جنت معروشت وغير معروشت) ئەمما قیاس ئەوەیە ؛ کەمەبەست لەزەکات دەفعی پێویستی و فەقیری یە ، ئەوەش ئەغلەب وایە تەنها بەقووت ئەکرێ، ئەمجا هەرکەسێ بەم قیاسە [عموم] [خاص] بکا، ئەوە زەکات بە واجب نازانێ لە غەیری قوتدا، وەهەرکەسێ [عموم] غالب بکا ، زەکات لە غەیری قوتیشدا بەواجب ئەزانێ ، مەگەر ئەو شتانە نەبێ کە بە ئیجماع زەکاتیان تێدا نی یە، وە ئەو کەسانەی کە ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی کە زەکات ئەبێ لە قوتا بدرێ لەبەینی خۆیاندا لەبارەی چەند شتێکەوە ئیختیلافاتیان پەیدا کردووە؛ ئاخۆ ئەو شتانە قووتن ؟ یا قووت نین؟ وە ئایا قیاس ئەکرێتەوە سەر ئەو شتانەی کە ئیتیفاقیان هەیە لەسەری یان قیاس ناکرێن ؟

**لەچی ڕادەیەکیش زەکات لەبەروبومی کشتووکاڵی و میوە ئەدرێت؟**
بەشی زۆری زانایان ڕایان وایە کە بەروبومی کشتوکاڵی و میوە زەکاتی تێدا واجب نیە هەتا نەگاتە وەسەق پاش پاك کردنەوەی لەکاو توێکڵ ،بەڵام ئەگەر پاك نەکرایەوە بە توێکڵەوە هەڵگیرا وەك چەڵتۆك، ئەوە ئەبێ بگاتە دە وەسەق [یەك وەسەقیش 60 صاعە یە ،ضاعیش 4 مد ه ، یەك مد یش 544 غرام جۆ یە ]کەواتە؛ یەك وەسەق 60 جاران 4 جاران 544 دەکرێ -130560 غرام – 56، 130 کیلۆ غرام وەپێنج وەسەق- 56. 130 جاران 5-8،652 کیلۆ گرام ]
لە هاوەڵی ئازیز ابوهریرە وە هاتووە کەوا پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (لیس فیما دون خمسه او سق صدقه )[رواه احمد والبیهقی]
واتە: لەپێنج وەسەق کەمتر زەکاتی تێدا نیە.
یەك وەسەقیش[60] صاعە بە ئیجماعی زانایان .پێشەوا ابو حەنیفە و موجاهید فەرموویانە: زەکات لەکەم و زۆردا واجبە لەبەر عموم و گشتی یەتی فەرموودەکەی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) کە فەرموویەتی: (فیما سقت السماء العشر) واتە: ئەوەی ئاسمان ئاوی بدا دەیەکی زەکات ی لێ ئەدرێ .

وەلەبەر ئەوە ی زەکاتی ئەم جۆرە شتانە بۆ سووڕانەوەی ساڵ ئیعتیباری نیە ،کەواتە؛ [نصاب] ڕادەی زەکاتیش ئیعتیباری نیە

پێشەوا ابن قيم ‘رحمه الله ‘ ڕوونی ئەكاتەوە دەفەرمووی: [ سوننەتی ڕاست وصەریح و مەحكەم هاتووە كە تێیدا ڕادەی زەكاتی داناوە بە پێنچ وسەق لەوشتانە كە دەیەكی لێ ئەدرێت ، بەڵام بەرەنگاری ئەم فەرموودە موحكەم كراوە بە فەرموودەی موتاشابیهە كە ئەفەرمووێ: ( فيما سقت السماء العشر وما سقى بنضح او غرب فنصف العشر) واتە: ئەوەی ئاسمان ئاوی بدات دەیەكی زەكات تێدایە ،وە ئەوەی بەهۆی ئاوكێشەوە ئاو بدرێ لە بیر لە چەم و كانی ،نیوە دەیەكی زەكاتی تێدایە ، ئەمچا ئەو كەسانەی بەرەنگاری لەنێوانی ئەم دووفەرموودە ئەكەن ئەڵێن ئەم فەرموودە (فيما سقت السماء العشر) شتی زۆر كەم دەگرێتەوە كە زەكاتی تێدایە ، واتە فەرموودە [عامە] وە فەرموودەی [خاص] بەرەنگاری ئەم فەرموودە عاممەی كردووە ، وە دەلالەتی عامیش هەروەك [خاص ][قەطیعە]وە هەر كاتێكیش [عام] و [خاص] بەرەنگاری یەك بوون ئیحتیات لەكامەیان دایە ئەوەش پێش ئەخرێ ، كە ئەویش واجب بوونی زەكاتە لەكەم وزۆردا..واجبە كار بەهەردوو فەرموودەكە بكرێ ،وەدروست نیە كامیان بەهیچ بەرەنگار ی بكرێتەوە یان یەكێكیان [الغاء] بكرێتەوە و پشت گوێ بخرێ جونكە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) لە هەردووكیان واجبە الحمدالله لەبەینی

ئەم دووفەرموودەش هیچ دژایەتیەك نیە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرموویەتی: (فيما سقت السماء العشر)مەبەستی لەوەیە ئەو

شتانەی واجبە دەیەکی تێدا بدرێ ،جیا بێتەوە لەو شتانەی کە واجبە نیوە دەیەکی تێدا بدرێ هەربۆیە هەردو جۆرەکە ئاماژەی پێ دراوە تاوەکو ئەندازەی زەکاتی واجب لەهەردوو جۆرەکە جیا بکرێتەوە . بەڵام ئەندازەی زەکاتەکە لە فەرموودەکە عاممە بێ دەنگ بووە لێی و باسی نەکردووە ،بەڵام تەواوەتی لە فەرموودەکە خاصەکەی تردا بە دەق وونی کردۆتەوە ، کەواتە چۆن دروستە لە نەصێکی صریح و مەحکەم و غەیری ئە مانایەی لێ وەر دەگیرێ هیچی تر ناگەینێ واز بهێنرێ ، بۆلای نەصێکی موجەمەل و موتاشبیهە کە ئەو پەڕی مەبەستی ئەوەیە لێی بدوێ بە شێوەیەکی گشتی، هەوڵ نەدەن بیگەینن بە نەصێکی[ خاص] و موحکەم و ڕوون کەرەوە ، هەروەك چۆن باقی نەصصە عامەکان ڕوون ئەکرێنەوە تەواو

تێبینی: لە هەنگوینیش زەکات نادرێ پێشەوا شافیعی ‘رحمه الله ‘فەرموویەتی هەڵم بژاردووە لە لە فەرموودە و لە اثار ثابتن لەوشتانەدا کە زەکاتیان لێ دەرئەکرێت ، ولە هەنگووین دا ثابت نیە کەواتە ؛چاوپۆشی لێ کراوە وەهە روەها ابن مذر یش هەر هەمان بۆ چوونی هەیە.

## زەکاتی کەلو پەلی فرۆشتن و چەك و سەنەدی بانك

پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) کاتێك هاوەڵی ئازیز موعاذی کوڕی جبل ی ‘رضى الله عنه’ نارد بۆ یەمەن پێ فەرموو: ( فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة في أموالهم تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم )[صحيح البخاری]واتە: ئەی معاذ؛ فێریان بکە و ئاگاداریان بکەوە کەوا الله تعالى فەڕزی کردووە لە سەریان دەرکردنی زەکات لە ماڵەکەیان ، ئەم زەکاتە وەربگیرێت لە دەوڵەمەندەکانیان وە بدرێت بە فەقیرەکانیان . زانایان فەرموویانە؛ ووشەی [أموال] کەلە فەرمایشتی الله تعالى و ئەم فەرموودەیە دا هاتووە عامە ، واتە: ووشەیەکی گشت گیرە چۆن پارە و زێڕ و زیو و ئاژەڵ و دانەوێڵە دەگرێتەوە، ئاواش شتومەکی فرۆشتن دەگرێتەوە ، بێگومان شت و مەکی فرۆشتن پێی دەوترێت ماڵ بۆیە وەکو پارەو زیڕو زیو زەکاتی لێ دەدرێت .

مەبەست لە شتوومەکی فرۆشتنیش گشت ئەم شتانە دەگرێتەوە کە بۆ فرۆشتن دانراوە ، وەکو-:

[ خانو و زەوی و سەیارە و قوماش و پێڵاو ئاژەڵ و مەڕو ماڵات]هتد ..

هەر شتێك بفرۆشرێت [عروض التجارة] واتە؛ ئەو ماڵەی دانراوە بۆ فرۆشتن ، شتوومەکی فرۆشتن زەکاتی لێ واجبە

## سەبارەت بەخانوو زەوی-:

پێشەوا ابو حەنیفە و مالیك ‘ڕەحمەتی الله تعالی یان لیبێت ‘ ڕایان وایە سەبارەت بە وەرگری کرێی خانوو [موجر] موستەحەققی کرێ نابێ بە دامەزراندنی عەقد.
بەڵکو کاتێ موستەحەققی ئەبێ کاتێ کەماوەی کرێکەی تەواو بوو ،کەواتە: بەم پێ یە هەرکەسێك خانوویەك بدا بەکرێ یان زەویەك زەکاتی لەسەر واجب نابێت هەتا کرێکە وەرنەگرێ، وساڵیشی بەسەردا تێنەپەڕێت وە نەگاتە ڕادەی زەکات.
]واتە؛ کاتی وەرگرتن ی کرێکە ، زەکاتی پێشووی ئەدا ئەگەر ساڵێ یا زیاتر بەسەردامەزراندنی عقدەکەدا تێ پەڕێ .

حەنبەلیەکان ڕای جیاوازیان هەیە دەڵێن: کرێ وەرگر[موجر] لەو ڕۆژەی کە عەقدەکە دامەزاروە ئەبێتە خاوەنی کرێ،کەواتە بەم پێ یە هەرکەس خانویەك یان زەویەك بدا بەکرێ ئەبێ زەکات لەکرێکەی بدات بەمەرجێك بگاتە ڕادەی زەکات و ساڵی بەسەردا بڕوات،چونکە کرێ وەرگر بەهەموو جۆرێ ئەبێتە خاوەنی تەسەڕوف بەسەر ئەو کرێ یەدا.وە بەسەردا بڕوات ئەگەر بەکرێ دانەکە موعرەزی فەسخ و هەڵوەشانەوەش بێ ئەوە نابێتە ڕێگری واجبی یەتی زەکات،چونکە وەك مارەیی پێش گواستنەوە وایە،پاشان ئەگەر کرێکەی وەرگرت ئەبێ زەکاتی دەربکات،وە ئەگەر کرێکە قەرز بوو ئەوکاتە حوکمەکەی حوکمی قەرزە، قەرزی حازر[معجل] یان دواخراو [موجل] بێت.

له [المجموع] دا هاتووه؛ ئەگەر كەسێك خانوەكەی یان شتێكی تری دا بەكرێی دەم و دەست و وەریشی گرت، ئابێ زەكاتەكەی دەربكات زانایانیش لەسەر ئەوە ئیختیلافات و جیاوازیان نیە.

## سەبارەت بە چەك و سەنەدە بانكیەكان:-

كاغەزو سەنەدە بانكی یەكان نووسراو بەڵگەنامەن له جیاتی پارەیەكی قەرزی زامن كراو، واجبە زەكاتیان لێ بدرێت ئەگەر گەیشتنە یەكەم ڕادەی زەكات [نصاب] كە [27] ڕیالی مسری یە ، چونكە ئەتوانرێت یەكسەر نرخی ئەوكاغەزانە بە زیو بدرێت .

پوختەكەی ئەوەیە: سەبارەت بە چۆنیەتی دەركردنی زەكات له شت و مەكی فرۆشتن بەم شێوەی خوارەوەیە: هەر كەسێك شتومەكی فرۆشتنی هەبوو جا هەر جۆرێك بێت ، دەبێت شتومەكەكەی حیساب بكات ئەگەر ڕێژەكەی گەیشتبووە حەدی زەكات كە دەكاتە نرخی [20] بیست مسقاڵ زێڕ ، وە ساڵێكی بەسەر دا سوڕابێتەوە ، ئەوە دەبێت زەكاتی لێ دەر بكات ، جا ئەگەر ئەم كەسە شتومەكەكەی بە جوملە دەفرۆشت ئەوە دەبێت حیسابەكەی بە نرخی جوملە حیساب بكات ، بەڵام ئەگەر شتومەكەكەی بە دانە دانە دەفرۆشت ئەوە دەبێت شتومەكەكەی بە نرخی دانە

حیساب بکات . وە بە گوێرەی نرخی فرۆشتن ئەم کەل و پەلە ئەقرسێنرێت و زەکاتی لێ دەردەکرێت ،

وە دەبێت بە شێوەیەکی وورد گشت کەل و پەلی فرۆشتن حیساب بکات بۆ نمونە ئەگەر کەسێك دووکانی قوماشی هەبێت دەبێت گشت جۆرەکانی قوماشی حیساب بکات ، یان ئەو کەسانەی سەیارە یان زەوی یان خانو یان دوکان یان مەڕ و ماڵات بۆ فرۆشتنیان دانابێت ، وە ئەم شتانە ساڵێکیان بەسەر دا سوڕابێتەوە دەبێت زەکاتی لێ دەربکرێت ، بەڵام ئەم خانوو و سەیارە و دوکانانەی بۆ کرێ دانراون زەکات تەنها لە کرێکەیان دەردەکرێت ئەگەر گەیشتبێتە حەدی زەکات ، وە ساڵێکی بەسەر دا سوڕابێتەوە.

(الشرح الممتع/ الملخص الفقهي)

## زەکاتی مارەیی ئافرەتان

سەبارەت بەمارەیی ئافرەتان ؛ زەکات لە سەر ئافرەتەکەیە چونکە ماڵی ئەوە،کاتێك ئەگەر مێردەکەی دەوڵەمەند بێت،بەڵام ئەگەر مێردەکەی فەقیر بوو زەکاتی لە سەر نیە . هەر کاتێك ئافرەتەکە [20] مسقاڵەکەی وەرگرت زەکاتی ساڵی لیَ دەردەکات.

پێشەوا ابو حەنیفە ‹رحمە اللە › دەڵیَ: [مارەیی ژنان زەکاتی لەسەر نیە هەتا وەری نەگرێت .جونکە ئەو مارەییە لەجیاتی شتێکە کە ماڵ نیە ،لەبەر ئەوە زەکاتی تیدا نیە پێش وەرگرتنی ،وەکو قەرزی نوسراو وایە .پاشان لەدوای وەگرتنی ئەو مارەییەش مەرچ دانراوە کە بگاتە ڕادەی زەکات [نصاب] وە سالێکی یشی بەسەردا تیَ پەڕ یێت ئەوکاتە زەکاتی لیَ دەر ئەکرێت .ئیلا ئەگەر ئەو ئافرەتە جگە لەمارەییەکەی ماڵێکی تری هەبیَ گەیشتبێتە ڕادەی زەکات ،لەم حاڵەتەدا ئەگەر مارەییەکەی وەرگرت بیخاتە سەر ئەو ماڵەو لەگەڵ ماڵەکەدا زەکاتەکەی لیَ دەر بکات .بە سوڕانەوەی ساڵ بەسەر ماڵەکەی ].

پێشەوا شافیعیش ‹رحمە اللە › دەڵیَ: [ ئافرەت دەبیَ زەکاتی مارەییەکەی بدات بەسوڕانەوەی ساڵ بەسەر ماڵەکەی .وە لەکۆتایی ساڵەکەدا دەبیَ زەکاتی هەمووی دەربکات ،با لەپێش گواستنەوەش بێت ،وە ئەوەی کە ئەو مارەیی یە هەمووی

موعەررەزی نەمانە بەهۆی فەسخی نیکاحەوە، یا ن بەهۆی مورتەد بوونەوە، یان بەهۆی غەیری ئەم دوانە ، یان نیوەی موعرڕەزی نەمان بێت بەهۆی تەڵاق دانی پێش گواستنەوە ئەمە هیچ تەئسیرێکی نی یە بۆ دەرکردنی زەکات لێی] .

وەهەروەها لای حەنبەلیەکانیش ئەو مارەیی یە لە ئەستۆی پیاودا قەرزی ژنە ، وەلای ئەوان حوکمەکەی حوکمی قەرزەکانە ، جا ئەگەر ئەو مارەیی یە بەسەر دەوڵەمەندێکەوە بوو ئەوا زەکات واجبە لێی ، وەهەر کاتێ وەری گرت ئەبێ زەکاتی لەوەو پێشی لێ بدات ، بەڵام ئەگەر لەسەر دەست کورتێك بێت یا لای کەسێك بێت ئینکاری لێ بکات، خە رقی ؛دەفەرموێت ؛ زەکات واجبە لێی ، وەلە مەدا فەرقی نیە ئەو ئافرەتە گوازرابێتەوە یان نا ،وە ئەگەر نیوەی مارەیی یەکەی نەما بەهۆی تەلاق دانی؟ لەپێش گواستنەوەی ، وە نیوەکەی تری وەرگرت ، ئەبێ زەکاتی ئەونیوەیەش بدات کە وەری گرتووە، بێجگە لەوەی کەوەری گرتووە، هەروەها ئەگەر گشت مارەیی یەکە نەمینێ پێش ئەوەی وەری بگرێ ، بەهۆی فەسخی نیکاحەوە لەلایەن ژنەکەوە ئەوە ئەوکاتە زەکاتی لەسەر نیە .

والله اعلم .

ئەوەشمان بیر نەچێت ئەگەر مێردەکەی فەقیربوو ئەتوانێ زەکاتەکەی بداتە وە مێردەکەی.

زەینەبی سەقەفی ‘رضی الله عنها ‘ خێزانی هاوەڵی ئازیز عبدالله ی کوڕی مەسعود ‘رضی الله عنه’ فەرموویەتی: (قال رسول الله صلی الله علیه وسلم؛ تصدقن یا معشر النساء ولو من حلیكن) واتە: پێغەمبەری الله ( صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمویەتی؛ ئەی كۆمەڵی ئافرەتان خێر و چاكە بكەن گەرچی خشڵ و زێڕەكانیشتان بێت..

زەینەب دەفەرمووێ: گەڕامەوە بۆ لای عبدالله ی كوڕی مەسعودی هاوسەرم و گوتم: ( إنك رجل خفیف ذات الید، وإن رسول اللهصلی الله علیه وسلم قد أمرنا بالصدقة، فأته فاسأله، فإن كان ذلك یُجزي عني وإلا صرفتها الی غیرم.) واتە: ئەی’ هاوسەرەكەم ‘ تۆ دەستت كورتە و پێغەمبەریش فەرمانی پێ كردوین خێر و سەدەقە بكەین. تۆش بڕۆ خزمەت پێغەمبەر و لێی بپرسە، گەر بێتو خێرەكە بۆ تۆ شیاو بێ ئەوا لەسەرمە كەوا خێرەكە بدەم بە تۆ، ئەگینا ئەیبەخشمە یەكێكی تر.

هاوەڵی ئازیز عبدالله ی كوڕی مسعود فەرمووی: ( أئته أنت.) واتە؛ تۆ بچۆ خزمەت پێغەمبەر(صلی الله علیه وعلی اله وسلم) .

ئامچا زەینەب’رضی الله عنها’ دەفەرمووێ؛ چومە خزمەت پێغەمبەر(صلی الله علیه وعلی اله وسلم) و بینیم ئافرەتێكی ئەنصاری لەبەر دەرگای پێغەمبەری الله(صلی الله علیه وعلی اله وسلم) وەستا بو كە ئەویش هەمان پرسیاری هەبو.

زەینەب ئەفەرمووێ: (فخرج علينا بلال رضي الله عنه فقلنا له: أئت رسول الله صلى الله عليه وسلم فأخبره أن امرأتين بالباب يسألانك: أنجزي الصدقة عنهما على أزواجهما، وعلى أيتام حجورهما، ولا تخبره من نحن.) واته: بیلال هاتە دەرەوە و پێمان گوت؛ بچۆ خزمەت پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) و هەواڵی پێ بدە دو ژن لەبەر دەرگادان و پرسیارت لێ دەکەن، ئایا دەبێ و دروستە خێر و سەدەقە بدەینە مێردەکانمان و ئەو هەتیوانەی کە لە ماڵەکانیشمان دان؟ بەڵام بەپێغەمبەر(صلى الله عليه وعلى اله وسلم) مەڵێ ئێمە کێین؟!

زەینەب'رضی الله عنها ' دەفەرمووێ ؛ بیلال چوە خزمەت پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) و لێی پرسی؟

پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) بە هاوەڵی ئازیز بیلالی فەرموو 'رضی الله عنه'

((من هما)) ؟

قالت: فدخل بلال على رسول الله صلى الله عليه وسلم فسأله، فقال له رسول الله صلى الله عليه وسلم! ((من هما)) ؟ واته؛ ئەم دو ئافرەتە کێن؟

بیلالیش فەرمووی ( امرأة من الأنصار وزينب) واته؛ ژنێکی ئەنصاری و زەینەبە.

ئەمجا پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) فەرمووی ((أي الزيانيب؟))

بیلال فەرمووی( امرأة عبد الله بن مسعود)واتە؛ خێزانی عبدالله ی کوڕی مەسعود.
ئەمجا پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) بۆ وەڵامی پرسیارەکەیان فەرمووی: (لهما أجران، أجر القرابة، وأجر الصدقة)).[ رواه البخاري ومسلم].
واتە: دو پاداشتیان هەیە؛ پاداشتی خزمایەتی کە ژن و مێردایەتیە و پاداشتی خێر و سەدەقەکەیان بۆ هەیە.

## ڕوونکردنەوەیەك

سەبارەت بەچۆنێتی زەکات یش هەروەکو لە بابەتەکانی پێشوو ڕوونم کردۆتەوە زەکات حوکمێکی شەرعییە و مرۆڤ دەری دەکات لە ماڵ و سامانی خۆی الله تعالى دەفەرمووێ: (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها ) (103؛ التوبة) جا ئەم مافە بۆ هەژاران لەسەر موسڵمانی ئازادی خاوەن سامان کە گەشتبێتە ئەندازەی [نصاب] واتە: ڕێژەی واجب بوونی زەکات وە مەرجە ئەو ڕێژەیە [نصاب] زیاد بێت لەو پێویستیانەی مرۆڤ پێویستیان پێی هەیە ئەوانەی کە مرۆڤ ژیانی پێ بەسەر دەبات وەك: خۆراك و جلوبەرگ و سەیارە و ئامرازەکانی کارکردن وە ساڵێك بەسەر ئەو ڕێژەیەدا بڕوات شێوەی حیسابکردنیشی ئەوەیە کەی مرۆڤ بوو بە خاوەن ئەو ڕێژەیە ساڵێك حیساب دەکات جا ئەگەر کەسێك ماڵی نەبوو یان هەر پێویستیە لەوانە هەبوو .یان ژنهێنان زەکاتی لەسەر نییە.

هەموو پارەیەك بۆ ئەوەی زەكاتی بدرێت پێویستی بەوە هەیە كە ئەم چوار مەرجەی تێدا بێت:-
یەكەم: موسڵمان بوون.
دووهەم: موڵكایەتی، واتە؛ پارەكە موڵكی خۆی بێت.
سێهەم: ساڵی بە سەردا چوو بێت.واتە ساڵی بەسەردا سوڕابێتەوە
چوارهەم: گەشتبێتە ڕێژەی دیاری كراو لە شەرعدا [نصاب].وەكو باسمان كرد

ڕێژەی دیاری كراو یش بە پێی شەرع، كە لە پرسیارێكی پێشتردا باسم لێوە كردوە دیاری كردنی سنوری دەوڵەمەند و هەژار ڕێژەیەك هەیە كە مرۆڤ بەوە نزمترین پلەی دەوڵەمەندی بەدەستدەهێنێ كە بریتی یە لە هەبوونی[ 20] مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە [21] واتە ؛ هەركەسێ بیست مسقاڵ ئاڵتونی هەبوو یان بەقەدەر بیست مسقاڵ ئاڵتون پارە و پولی هەبوو ساڵی بەسەردا سوڕایەوە بەمەرجێ قەرزاری كەس نەبێت.
چۆنێتی دەركردنی زەكاتەكەشی بەم شێوەیە دەبێت نرخی كڕینی هەر مسقاڵێكی ئەو زێرە لەلای زەڕەنگەر بە چەند وەری دەگرن تاقی دەكەیتەوە [واتە: ئەو نرخەی كە لێتی دەكڕنەوە، نەك ئەوەی كە كاتی خۆی كڕیوتە]، پاشان لێكدانی دەكەی بە ژمارەی مسقاڵەكان، كۆی كشتی نرخی زێڕەكەت بۆ دەردەچێت بە پارە، پاشان لە هەموو چل بەشێك بەشێكی دەدرێت بە زەكات، واتە؛ ئەگەر بایی؛[4,000,000]

ملیۆن بوو ئەوا لە هەر ملیۆنێك [25,000] ی دەدرێت بە زەكات كە كۆی چوار ملیۆنەكە [100,000] ی دەكەوێت...

## زەكاتی پارەو ماڵێك درابێت بە قەرز .

دووچۆرە قەرزمان هەیە:-

یەكەم: قەرزێك كەلای كەسێك بێت دانی پێ بنێت و نەیبێ و نەیتوانی بیداتەوە لەم حاڵتەدا زانایان چەند ڕایەكیان هەیە !

هەندێكیان دەڵێن: زەكاتەكەی لەسەر خاوەنی ماڵ و پارەكەیە ، بەڵام لەسەری واجب نیە هەتا پارەكەی نەدەنەوە نەیەتەوە دەستی .ئەمچا هەركاتێ پارەو ماڵەكەی وەرگرتەوە ئەوا زەكاتی پێشتریشی دەبێ لێ دەربكات ئەمەش ووتەی پێشەوا ی ئیمانداران عەلی 'رضى الله عنه' وە ابو ثور و حەنەفی و حەنبەل یەكانە.

هەندێكی تریان ڕایان وایە خاوەن پارەو ماڵەكە واتە خاوەن قەرزەكە دەبێ دەم و دەست زەكاتی لێ دەربكات ،با قەرزەكەشی وەرنەگرتبێتەوە ،چونكە توانای وەرگرتنەوە وتەسەرووف تێدا كردنی هەیە ،لەبەر ئەوە دەبێ زەكاتەكەی لێ دەربكات،هەروەكو چۆن زەكاتی ئەمانەت و سپێدراو ماڵێك بەیەكێ ئەسپێردرێ ئەوە زەكاتی لەسەر چونكە لەژێر چاودێری خاوەنەكەیەتی بەڵام لای كەسێكی داناوە بەئەمانەت، ئەمەش ووتەی پێشەوای ئیمانداران عثمان'رضى الله عنه' وە هاوەڵی

ئازیز ئیبن عومەر و جابیر و طاووس و نەخەعی و حەسەن وزوهری و قەتادە و شافعی یە 'ڕەزاو ڕەحمەتی الله تعالی یان لێبێت'

هەندێکی تر ڕایان وایە ئەو ماڵە قەرزە زەکاتی لەسەر نی یە چونکە ماڵێك نی یە زیاد بکات و گەشە بکات و بازرگانی پێوە بکرێ ، هەتا زەکاتی لەسەر بێت وەك ئەو ماڵە وایە کە خاوەنەکەی دینابێت بۆ پێویستی خۆی ،ئەمەش ووتەی؛ هاوەڵی ئازیز عیکریمە و ئیبن و عومەرە 'رضی الله عنهم' وەهەروەها دایکی ئیمانداران دایکە عائیشە 'رضی الله عنها'

هەندێکی تریان ڕایان وایە ئەگەر وەری گرتەوە تەنها زەکاتی ساڵێکی لێ دەر دەکات، ئەمەش مەزهەبی سەعیدی کوڕی کوڕی موسەییب و عطاء ی کوڕی ئەبوڕەباحە.

دووهەم : قەرز ئەوەیە کەلای کەسێکە دەستی کورتە، یان حاشای لێ دەکات یا قەرزی کوێرە ، لەم حاڵەتەدا زەکاتی لەسەر نابێت ئەو ماڵ و پارەیە .ئەمەش ووتەی قەتادە و ئیسحاق و ئەبو ثور و حەنەفیەکانە ،چونکە ئەم جۆرە پارەو ماڵانە ناتوانرێت کەڵکیان لێ وەربگیرێت ،بەڵام دەڵێن ئەگەر وەری گرتەوە ئەوا دەبێ زەکاتی ڕابردووی لێ دەر بکات ،چونکە دەبێتەوە خاوەنی ئەم ماڵە وئەتوانی تەسەڕووفی تێدا بکات،لەبەر ئەمە واجبە زەکاتی پێشووی لێ درەبکات ،وەك قەرزێك وایە لەسەر دەوڵەمەندێك ،لەپێشەوا شافیعیش'رحمە الله ' ئەم دوو ڕایە گێردراوەتەوە ،

له پێشەوای ئیمانداران عومەری کوڕی عبدالعزیز ‘رضى الله عنه’ و ‌ه پێشەوا حەسەن و لیث و ئەوازاعی و مالیکەوە ‘رحمهم الله ‘ هاتووە ؛ کەوا کاتێ خاوەن قەرز قەرزەکەی دەست کەوتەوە زەکاتی یەك ساڵی لێ دەبکات،

چەند ڕوونکردنەوەیەك:-

یەکەم: هەندێك کەس هەن پارەیان لەقەرزە لای کەسێك کە کاتی زەکات دێت وەری ناگرنەوە لەجیاتی زە کات واتە بەبەر زەکاتی دەخەن ئەم بەهیچ شێوەیەك درووست نیە دروست نیە قەرز بخرێتە بڕی زەکاتەوە ، پێویستە قەرزەکە وەر گیرێتەوە ئەمچا زەکاتی لێ دەر بکرێ ،

دووهەم: زەکات دەدرێ بەکەسێ کە قەرز دار بێت هەروەکو لە بابەتەکانی ڕابردوو ڕوونم کردۆتەوە ئەمچا مەرچ نیە کێ یە با براو نزیکەکانیش بێت بۆیە ئەگەر قەرزار بوون ئەوا دەتوانن زەکاتی ماڵ و سامانی خۆتانیان پێ بدەن بۆ داناوەی قەرزەکانیان ، چونکە لە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە زەکاتیان پێ دەشێ دەیاندریتێ،
چونکە ئەوانە لەکەسانەن کە زەکاتیان پێ دەشێت هەروەکو الله تعالى دەفەرمووێت: ( انما الصدقات للفقراء والمساكين ) (سورة التوبة: 60). واتە: زەکات دەبێت بدرێت بەم کەسانە کە هەژارو کەم دەستن،

سێهەم: زێڕو زیو قەرزیان تێدا دروست نییە وڕیبایە ،کڕینی زێڕو زیو دەبێت نەقد و دەست بەدەست بێت و لەوشوێنەدا زێڕ یان زیوەکە بکڕێت ولەهەمان شوێن ڕاستەوخۆ پارەکەی بدەیتێ ، ئەو بڵێ ئائەوە زێڕەکەیە یان زیوەکەیە تۆش بڵێت ئائەوە پارەکەیە وەك پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (یدا بیید هاء وهاء ) بۆیە چەندێك پارەتان هەبوو ئەوەندە زێر یان زیوو بکڕن خۆتان تاوانبارمەکەن خۆتان توشی ڕیبا مەکەن ، چونکە زێرو زیوو لەو بابەتانەن کە ڕیبایان تێدایەو وە سەبەبی ڕیباکەش ئەوەیە کەئەمان نقدن و پارەکەش کە پێی دەکریت هەرنەقدە ، بۆیە قەرز تێیاندا دەبێتە ریبا بەهەمان شێواز ئەگەر دۆلار یان هەرپارەیەکی تر بکڕێت بەقەرز ئەگەر دەست بەدەست نەیگۆڕیتەوە لەو مەجلیسە ئەوە دەبێت بەڕیبا بەڵام ئەگەر نەیکڕیت ولەیەکێك قەرزبکەیت وپاشان بۆی بەریتەوە ئەوا دروستە .

# ئەوانەی زەکاتیان پێ نادرێت کێن؟

چەند ڕوونکردنەوەیەکیش سەبارەت بەزەکات

لەسەرەتای ئەو زنجیرە باسە باسی ئەوکەسانەمان کرد کەوا زەکاتیان پێ دەشێت ئێستاش لەکۆتایی ئەم زنجیرە ماوەتەوە باسی ئەوە بکەین بە پشتیوانی الله تعالی کێن ئەوانەی زەکاتیان پێ ناشێت و پێیان حەرامە، وە چەند ڕوونکردنەوەیەك!

یەکەم: ئەوانەی زەکاتیان پێ نادرێت بێ باوەر و مولحید

زانایان لەسەر ئەوە یەك ڕان کەوا زەکات لە دەوڵەمەندەکانی موسڵمانان وەردەگیرێت و ئەدرێتەوە بە هەژارانی موسڵمانان جگە لەوان کەسی تر نا ،پێشەوا ئیبن منذر فەرموویەتی: ئەو زانایانەی کەوا زانیاریم لێ وەرگرتوون هەموو لەسەر ئەوە یەك ڕان کەوا [ذمی] هیچ لە زەکاتی نادرێتێ ،جگە لەوانەی دڵنەوایی ئەکرێن هەروەك لەپێشەوە باس کران ،بەڵام درووستە لە صدقەی سوننەت بە [ذمی] بدرێ ، چونکە لە قورئاندا فەرمانمان پێ کراوە هەروەکو الله تعالی دەفەرمووێ:(ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا ویتیما وأسیرا)(الانسان؛ 8) واتە: هەر چەندە خواردنیان خۆش دەوێ پێویستیان پێ یەتی ، بەڵام ئەیدەن بە مسکین و هەتیو وئەسیر .وە هەروەها لە فەرموودەش هاتووە پێغەمبەری الله (صلی الله

عليه وعلى اله وسلم) فەرمانی کردووە فەرموویەتی: (صلی امك) واتە؛ سیلەی ڕەحم بگەینە لەگەڵ دایکت دا ئەو دایکەش بێ باوەڕ بوو.

دووهەم: ئەوانەی زەکاتیان پێ نادرێت بەنی هاشم.

مەبەست لەبەنی هاشم ئالی بیتی پێغەمبەری ئازیزمانە (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) واتە: علی کوڕی ئەبوطالیب ′رضی الله عنه′ و کەس و کاری عەقیل و جەعفەر و عەبباس و حارث ە ، پێشەوا ئیبن قودامە ′رحمه الله′ فەرموویەتی: [ هیچ ئیختیلافاتێك نیە لەنێوان زانایان دا لەسەر ئەوەی کەوا بەنی هاشم زەکاتیان پێ ناشێت، چونکە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (ان الصدقه لا تنبغی لال محمد ، انما هی اوساخ الناس) [رواه مسلم] واتە: زەکات ناشێت بە ئالی محمد چونکە چلك و پیسی خەڵکە
لە هاوەڵی ئازیز ئەبو هورەیرە هاتووە فەرموویەتی: حەسەنی کوڕی عەلی ′رضی الله عنه′ دنکە خورمایەکی لە خورمای زەکات هەڵگرت ،پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی (کخ..کخ) بۆ ئەوەی فڕێ ی بدات و نەیخوات، ئەمجا پێی فەرموو ئەی نەت زانیوە ئێمە نابێت لە زەکات بخۆین [متفق علیه] زانایان هەندێکیان ئیختیلافاتیان هەیە لەسەر[ بنی مطلب ] پێشەوا شافیعی ′رحمه الله′ فەرموویەتی: ئەمانیش بۆیان نی یە زەکات وەربگرن ، بەپێی ئەوەی پێشەوا

شافیعی و ئەحمەد و بوخاری ‘ڕەحمەتی الله تعالى یان لێبێت’ ئەگێڕنەوە لە هاوەڵی ئزیز جوبەیری کوڕی مطعم ‘رضی الله عنه’ کە فەرموویەتی: ڕۆژی گرتنی خەیبەر پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) بەشی خزمانی خۆی دا لە بەنی هاشم و لە بەنی مطلب وە بەشی بەنی نەوفەل و بەنی عبدوشەمسی نەدا، دەفەرمووێ من و پێشەوای ئیمانداران عوثمانی کوڕی عەفان ‘رضی الله عنهما’ هاتینە لای پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) گووتمان: ئەوانەی بەنی هاشم ن ئینکاری لە چاکەیان ناکەین کە الله تۆی لەناویاندا هەڵبژاردووە ،ئەی براکانمان لە بەنی مطلب بۆچی بەشی ئەوانت داوە وازت لەئێمە هێناوە هەرچەندە لە خزمایەتیدا وەکو یەکین بۆ تۆ ؟ پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی: ( انا وبنی المطلب لانفترق فی جاهلیه ولا اسلام وانما نحن وهم شیء واحد وشبك بین اصابعه) واتە: ئێمە و بەنی مطلب لەیەك جیا نابینەوە ، نەلە پێش ئیسلام و نە لە ئیسلامدا ، بەڵکو ئێمە و ئەوان یەك شتین .ئەمچا پەنچەکانی خستە ناو یەك.
پێشەوا ئیبن حەزم ‘رحمه الله’ فەرموویەتی کەواتە: بەو بەڵگەیە دورست نیە جیاوازی بخرێتە نێوان حولمی بەنی مطلب و بەنی هاشم ،لەبەر ئەوەی ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم)بوون یەك شتن

کەواتە ئەوانیش الی محمدن (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) بۆیە زەکاتیان پێ حەڕامە.

پێشەوا ئەبو حەنیفە و پێشەوا ئەحمەد دەفەرموون: چۆن پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) زەکاتی حەڕام کردووە لەسەر بەنی هاشم بە و شێوەش حەڕامی کردووە لەسەر مەوالی یەکانی بەنی هاشم [ئەوانەی بەند بوونە ئازادی کردوون ] چونکە هاوەڵی ئازیز ئەبو ڕافیع٬رضی الله عنه٬ کە موالی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) بوو دەفەرمووێ: پیاوێکی لە بەنی مەخزوم نارد بۆ زەکات کۆکردنەوە ،دەفەرمووێ: پیاوەکەش بەمنی گووت؛ وەرە لەگەڵما بۆ ئەوەی شتێکت بەر کەوێ دەفەرمووێ: گووتم نایەم تا نەچم بۆ لای پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) پرسیاری لێ نەکەم دەفەرمویٚ کاتێ چووم بۆلای و پرسیاریم لێ کرد پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی: ( ان الصدقه لا تحل لنا وان موالی القوم من انفسهم) [رواه احمد ابی داود حسن صحیح] واتە؛ ئێمە زەکاتمان پێ ناشێت ،وە تۆش لە ئێمەی چونکە مەوالی قەومێك هەروەك خۆیانن.

بەڵام زانایان ئیختیلافیان هەیە لە صەدەقەی سوننەتدا ،ئایا ئەو خێرەشیان پێ حەرامە یان نا؟؟
پێشەوا شەوکانی ئەو ڕایەی کورت کردۆتەوە فەرموویەتی: بزانە ظاهیری ئەو فەرموودەیەی کە فەرموویەتی:( لاتحل لنا الصدقه) واتە؛ صەدەقەمان پێ ناشێت. مەبەستی ئەوەیە کە صەدەقەی فەرز و صەدەقەی سوننەتیان پێ ناشێت ، وە کۆمەڵێک لە زانایان ئیجماعی هەموو زانایانیان لەسەر حەڕامی هەردوو ئەو جۆرە صەدەقە یە لە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) نەقل کردووە.

سێهەم: ئەوانەی زەکاتیان پێ نادرێت نەوەکان و بابو باپیرانن

زانایان لەسەر ئەوەش یەك ڕان کەوا نابێ زەکات بدرێ بە باب و باپیرەکان ،وەهەروەها دایکەکان و داپیرەکان ،وە نەوەکان ،وە نەوەی نەوەکان ،کچەکەنا و ڕۆڵەکانیان ،چونکە لەسەر زەکات دەر پێویستە نەفەقەی باوك و بەرەو ژوور و ڕۆڵەکانی و بەرەو خوار بکێشێت ،وە ئەگەر ئەمانە هەژارو فەقیر بن بە دەوڵەمەندی ئەوان دەوڵەمەندن ، ئەمجا ئەگەر هەرچی زەکات بدا بە کەس و خانەوادەی خۆی تەنها سوودی بەخۆیان گەیاندووە نەفەقەی واجبی لەسەر خۆی لاداوە.

هەرچەندە پێشەوا مالیك ٬رحمه الله٬ باپیرو نەنک و نەوەی جیا کردۆتەوە لەم حوکمە ، وە بەدروستی ئەزانێ زەکاتیان پێ بدرێت ،چونکە نەفەقە کێشانی ئەمانە لەسەر

ئەو نییە ،وەهەروەها پێشەوای پایەبەرزی ئیسلام ئیبن تیمیەش ‘رحمه الله’ ڕایی وایەکەوا دروستە ڕۆڵە زەکات بدات بەدایك و باوکی ئەگەر توانای نەفەقە کێشانی هەردووکیانی نەبوو ئەگەر موحتاج بوون ئەمچا ئەمە لە حاڵەتێك ئەگەر هەژارو کەم دەست بن ، بەڵام ئەگەر دوەڵەمەند بوون و خۆیان بەخشی لەڕێگای الله تعالى بۆ جیهاد لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە لە بەشە زەکاتی (فی سبیل الله) بەشیان بدات ،وەهەروەها بۆی هەیە لەبەشی قەرزارەکانیش (الغارمین) بە شیان بدات، ئەگەر لەزەکات کۆکردنەوە دا کاریان دەکرد.

چوارەهەم: ئەوانەی زەکاتیان پێ نادرێت هاوسەر. واتە؛ پیاو بیدات بە خێزانی خۆی

ئیبن منذر دەفەرمووێ ؛ زانایان لەسەر ئەوەش یەك ڕان کە پیاو نابێت زەکاتەکەی بدات بە خێزانی خۆی ،هۆیەکەشی ئەوەیە ژن نەفەقەی لەسەر پیاوەکەی پێویستە ،بەڵام هەرکەسێك خێزانەکەی قەرزادار بوو لەبەشی (الغارمین) بەشی بدات بۆ ئەوەی قەرزەکە بداتەوە دەبێت.
نابێت زەکات لەڕویەکی تری نزیك بوونەوە لە الله تعالى سەرف بکرێت جگە لەوانەی الله تعالى دەست نیشانی کردوون: ( انما الصدقات للفقراء والمساكين ..) بۆ هەژاران و کەم دەستانە بۆ نموونە زەکات نابێ سەرف بکرێت بۆ دروست کردنی مزگەوت و چاك کردنی ڕێگا و خزمەت کردنی میوان و دیوەخان هەتا بۆ کفن کردنی

مردووش.
پێشەوا ابی داود فەرموویەتی: گوێم لە پێشەوا ئەحمەد بوو کاتێ پرسیاریان لێی کرد ئایا لەزەکات کفن بۆ مردوو دەبێ بکرِدرێ ؟ لەوەڵامدا فەرمووی [نەخێر] وەلە زەکات هەتا قەرزی مردووش نادرێتەوە چونکە مردوو لە (الغارمین) نیە بەقەرزار ناژمێردرێت، تەنها قەرزی زیندوو ئەدرێتەوە لەزەکات ،بۆ قەرزی مردوو لەسەر کەس و کارەکەیەتی بیداتەوە.

چەند ڕوون کردنەوەیەك:-

**کەسێك بمرێت و زەکاتی لەسەر بوبێت:-**

واجبە ئە زەکاتە لەماڵە بەجێ ماوەکەی بدرێت وە پێش قەرزی خەڵك بخرێت، وەهەروەها پێش وصیەت و بەشی میرات گرەکانیش بخرێت ،پێشەوا شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبو ثور ئەم فەرمایشتەی الله تعالی دەکەنە بەڵگە کە دەفەرمووێ: ( من بعد وصية يوصي بها أو دين )(النساء ؛12) واتە: پاش بەجێ هێنانی وەصیەتی مردووەکە یا دواى دانەوەی قەرزەکانی، وەزەکات قەرزی الله تعالی یە هاوەڵی ئازیز ئیبن عەبباس، رضی الله عنە، دەفەرمووێت: پیاوێك هاتە لاى پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) گووتی: دایکم وەفاتی کردووەو مانگێ ڕۆژوی لەسەرە ئایا بۆی بگرمەوە؟ فەرمووی ئەگەر دایکت قەرزاری کەسێك

بووایە بۆت ئەداوە ؟ گووتی: بەڵێ بۆم ئەداوە ئەی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمووی: دە قەرزی الله تعالی لەپێشترە بدرێتەوە [شیخەین گێڕاویانەتەوە]

**زەکات لەسامانی منداڵ و شێتدا**

لەسەر سەرپەرشتی کاری منداڵ و شێت واجبە زەکات لەجیاتی ئەوان لەماڵەکەیان دەربکەن کاتێ گەیشتە ڕادەی [نصاب] زەکات

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە ،رضی الله عنه، لەباوکی یەوە لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمویەتی: (من ولی یتیما له مال فلیتجر له ولا یترکه حتی تاکله الصدقه) واتە: هەرکەس سەرپەرشتی ماڵی هەتیوێکی کرد با بازرگانی پێوە بکات لێی و وازی لێ نەهێنێ تا زەکات بیخوات ،ئیساندەکەی ئەم فەرموودە [ضعیف ]ە لاوازە حافظ دەفەرمووێت: شاهێدێکی مورسەلی هەیە لای شافیعی شافیعیش تەئکیدی ئەم فەرموودەی کردووە بەعمومی ئەم فەرموودانەی کە بە مطلق ی هاتووە لەبارەی واجب بوونی زەکاتەوە.

دایکی ئیمانداران دایکمان عائیشە ،رضی الله عنها، زەکاتی ماڵی ئەو هەتیوانەی دەر ئەکرد کە لەژێر سەرپەرشتی ئەو دابوون. پێشەوا ترمذی دەفەرمووێت: زانایان لەسەر

ئەوە ئیختیلافاتیان هەیە هەندێ دەڵێن: ماڵی هەتیو زەكاتی لەسەر نیە وە سوفیان و ئیبنو موبارەك ، بەڵام هاوەڵانی ئازیز 'رضی الله عنهم' ڕایان وایە كە دەبێ زەكات لە ماڵی هەتیویش دەربكرێت، لەوانە پێشەوای ئیمانداران عومەری كوڕی خەتاب وعەلی كوڕی ئەبوطالیب ئیبن عومەر 'رضی الله عنهم' و دایكی ئیمانداران دایكە عائیشە رضی الله عنها' وەهەروەها پێشەوایان مالیك شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاقیش هەر لەسەر ئەوەڕایەن.ئەمەش بەڵگەیەكی بەهێزە یەكلای دەكاتەوە كەواتە: زەكات لەماڵی هەتیویش دەردەكرێت.

پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: (انما الاعمال بالنیات وانما لكل امری ما نوی) واتە: ڕاستی و دروستی كردەوەكان تەنها بەپێی نیازەكانە ، ئەگەر بۆ الله تعالی بوو دروستە ئەگەر بۆ شتێكی تربوو ئەوە هەر بۆ ئەوە دەبێت كەبەنیازێتی.

پێشەوایانی پایەبەرز شافیعی و مالیك 'رحمهم الله' بەمەرجیان داناوە كاتی دانی زەكاتەكە نیەت بهێنرێت ،وەهەروەها پێشەوا ئەبو حەنیفەو ئەحمەدیش 'رحمهم الله' فەرموویانە پێش دانی زەكات بە ماوەیەكی كەم نیەت بهێنرێت لەدڵدا.

**نیەت مەرجە لەدانی زەکات:-**

زەکات عیبادەتێکە ئەمجا بۆ ئەوەی دروست بێت نیەت هێنان بەمەرج گیراوە بۆی ، ئەویش بەمە کە زەکات دەر لەکاتی دەرکردنی زەکاتەکە دا مەبەستی بەخشینی بێت لەڕێیی الله تعالی ،وە داوای پاداشتەکەی هەر لە الله تعالی بکات ولە دڵی خۆیدا وای یەکلا بکاتەوە کە ئەمە ئەو زەکاتە فەرزە یە کەلە سەریەتی ،الله تعالی دەفەرمووێت: ( وما امروا الا لیعبدوا الله مخلصین له الدین حنفاء) (البینه ؛5) واتە: وە ئەوان تەنها فەرمانی ئەوەیان پێ کراوە کە بەئیخلاصەوە عیبادەت بۆ الله بکەن.

**کاتی واجب بوونی زەکات ئەبێ زەکات بدرێت بەپەلە:-**

پێشەوا ئەحمەد و بوخاری لە هاوەڵی ئازیز عوقبەی کوڕی حارث هوە ‹رضی الله عنە› دەگێڕنەوە فەرموویەتی: نوێژی عەسرمان کرد لەگەڵ پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) کاتێ نوێژەکە تەواو بوو بەپەلە هەڵسا چووەماڵەوە پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) پاشان هاتە دەرەوە ، هەستی کرد خەڵکەکە پەلەکردنەکەیان لا سەیر بوو فەرمووی: (ذکرت وانا فی الصلاه تبرا عندما فکرهت ان یمسی او یبیت عندنا ، فامرت بقسمته) واتە: لەنوێژەکەمدا بەبیرم هاتەوە پارچە زێڕێکمان هەیە ،حەزم نەکرد هەتا ئێوارە یان هەتا بەیانی لامان بمینێتەوە هەر بۆیە فەرمانم دا بەدابەش کردنی ، وەهەروەها پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی:

( يكون قد وجب عليك فى مالك صدقه فلا تخرجها ؛فيهلك الحرام الحلال) واته:
ماڵێكت هەیە واجبە لەسەرت زەكاتی لێ بندەی ، بەڵام نایدەی ، ئەوسا ماڵە حەڕامەكە حەڵاڵەكە لاناو دەبات .
بۆیە پێویستە پەلە بكرێت لەزەكات دان پێش ئەوەی ساڵەكە تەواو بێت . هەتا دروستە دوو ساڵ لەوەو پێش بدرێت

**موستەحەبیشە بۆ زەكات دەر دوعای خیر بكرێت لەكاتی وەرگرتنی.**

بە بەلگەی ئەم فەرمایشتەی الله تعالى هەروەكو دەفەرمووێت:(خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها وصل عليهم إن صلاتك سكن لهم ) لە ماڵەكانیان زەكات وربگرە بۆ ئەوەی پاكیان بكەیتەوە پێی، وە دوعاشیان بۆ بكە ،چونكە دوعاكەت دڵنیای و ئارامی یە بۆیان.
ببۆیە ؛پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) كاتێ زەكاتی وەردەگرت دەیفەرموو: ( اللهم صل عليهم ) الله میهرەبانی خۆت بڕێژە بەسەریاندا ،
پێشەوا شافیعی دەفەرمووێت سوننەت وایە پێشەوای ئیمانداران كاتێ زەكاتی سەند و كۆی كردەوە بپاڕێتەوە بۆ زەكات دەرو بلێت: (اجرك الله فيما اعطيت ،وبارك لك فيما ابقيت)واتە: الله پاداشتی ئەوەتان بداتەوە كە داوتانە وە بەرەكەت بخاتە ئەوەوە كە هێشتۆتەوە.

## لەکۆتایدا دەڵێم:-

خوشك بویانای ئیماندارام بیزانن زەکات لەپێنچ پایەکانی ئیسلامە و شان بەشانی نوێژ هاتووە لەهەشتاو دوو ئایەت الله تعالی ئاماژەی پێ داوە وە الله تعالی لە بە قورئان و سونتەتی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) و ئیجماعی ئومەت فەرزی کردووە لەسەرتان.ئەوەی مەنعی بکات نەیدا لە حوکمی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر ئەوە کوشتاری دەکرێت و لەئیسلام دەردەچێت . پێشەوا طبرانی لە الاسط و الصغیر دا لە پێشەوای ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبوطالیب ‘رضی الله عنه’ دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ: پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرموویەتی: ( ان الله فرض علی اغنیاء المسلمین فی اموالهم بقدر الذی یسع فقرائهم ، ولن یجهد الفقراء اذا جاعوا او عروا الا بما یصنع اغنیائهم ،الا وان الله یحاسبهم حسابا شدیدا ، ویعذبهم عدابا الیما) [سنده صحیح] واتە: الله تعالی فەرزی کردووە لەسەر دەوڵەمەندی موسڵمانان کەلە ماڵەکانیان ئەوەندە دەربکەن بەشی هەژارەکایان بکات ،وە بەهۆی بەخیلی دەوڵەمەندەکانیانەوە نەبێت هەژارەکان ماندووی دەستی برسێتی و بێ بەرگی نابن ،ئەمچا با بیزانن الله تعالی بەتوندو تیژی لێیان ئەپرسێتەوە سزای توند و تیژیان ئەدات . لە الله تعالی داواکارم دڵەکانمان پاك بکاتەوە لە شەڕی نەفس و بەخیلی . پابەندمان بکات بەئاینەکەی و بەردەوامیمان پێ ببەخشێت ڕاست درووست لەسەر

قورئان و فەرمووده ڕاستەکانی پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) بەتێگەیشتنی سەلەفی صالح .اللهم امين

وأسأل الله الكريم ربَّ العرش العظيم بِأسمائهِ الحسنى وصفاتهِ العليا أن يصلح لنا شأننا كلَهُ، وأن لايكلنا إلى أنفسنا طرفة عين، اللهم آتِ نفوسنا تقواها، وزكها وأنت خير من زكاها، أنت وليها ومولاها.

واخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

براتان: عەلی هەولێری فێرگە هەمیشە ئیحتیاجی الله تعالى
18ربيع الاول 1440 کۆچی بەرامبەر بە 2018/11/26 زاینی

**(وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ )**